حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆكایەتی زانكۆی كۆیە
كۆلێجی پەروردە
بەشی زمانی كوردی

# ڕێزمانی جێناو لە شێوەزاری خانەقیدا

( لێكۆڵینەوەیەكی كارەكییە )

## نامەیەكە

ئومێد بەرزان برزو

پێشكەشی كۆلێجی پەروەردەی زانكۆی كۆیەی كردووە بەشێكە
لە پێویستییەكانی پلەی ماجستێر لە زمانی كوردیدا

## سەرپەرشت

پ.ی.د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد

٢٧٠٦ی كوردی ٢٠٠٦ی زایینی

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی کۆیە ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

ناو: پ.ی.د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد

ڕۆژ:  /  / ٢٠٠٦

بەپێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو:

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ:  /  / ٢٠٠٦

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی وتوویژو هەڵسەنگاندن ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك‌و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (زۆر باش) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردی (ڕێزمان)دا پێبدرێت.

ناو:
ئەندام
ڕۆژ:  /  / ٢٠٠٦

ناو:
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ:  /  / ٢٠٠٦

ناو:
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ:  /  / ٢٠٠٦

ناو:
ئەندام
ڕۆژ:  /  / ٢٠٠٦

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەوە پەسەندکرا.

ناو:
ڕاگری کۆلێجی پەروەردە
ڕۆژ:  /  / ٢٠٠٦

# پێشکەشــە بە:

- ڕوحی هەمیشە زیندووی باوکم.
- دایکی خۆشەویستم، کە هەردەم هاندەری سەرەکیم بووە لە خوێندندا.
- برای بەڕێز و خوشکی ئازیزم.
- سەرجەم خزم و هاوڕێکانم.

# سوپاس و پێزانین

**سوپاس و ڕێزی بێپایانم بۆ:**

- سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیەو ڕاگرایەتیی کۆلێجی پەروەردەو لیژنەی خوێندنی باڵاو بەشی زمانی کوردی، کە هەمیشە پشتیوانیی خوێندنی باڵا دەکەن‌و بە پەرۆشەوە هەوڵی بەرەو پێشچوونی دەدەن.

- مامۆستای سەرپەرشتم پ.ی.د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد بەرزنجی، کە دڵسۆزانە سەرپەرشتی ئەم نامەیەی کردوە.

- هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لە قۆناغی بەکالۆریۆس‌و ماجستێردا وانەیان پێوتومەتەوە.

- مامۆستای بەتوانا پرۆفیسۆر د. محەمەد مەعروف فەتاح، کە بەپێی توانا وەڵامی پرسیارەکانمی داوەتەوەو تێبینیی زانستی پێشکەشکردوم.

- مامۆستای دڵسۆزم پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین، کە بە سەرنجو تێبینی ورد کۆمەکی کردوم.

- پ.ی.د. بەکر عومەر و پ.ی.د. هۆگر مەحمود، کە هاوکاری‌و ڕێنماییان کردوم.

- بەڕێزان (م. ئیبراهیم باجەلان و کاك حەسەن هەیاس و م. شەهاب ئەحمەد و کاك سەلاح مەهدی)، کە لە بەدەستخستنی کەرەستەکانی شێوەزاری خانەقی‌و دەستنیشانکردنی شوێنەکانی ئاخاوتنی شێوەزارەکەوە یارمەتییانداوم.

- م. مونا عەلی، کە بە وەرگێڕان هاوکاریی کردوم.

- هەموو ئەو بەڕێزانەی لە ئامادەکردنی ئەم نامەیەدا پشتگیرییان کردوم‌و یارمەتییانداوم.

# هێما و کورتکراوەکان

/ : یان

Ø : مۆرفیمی سفر

[ ] : کەوانەدانان

⟵ : بریتییە لە

⋆ : نارێزمانی

ڕ: ڕستە

ف.ن: فریێزی ناوی

ف.ك: فرێزی کاری

ف.بەند: فرێزی بەند

تە: تەواوکەر

ن: ناو

ن.گ: ناوی گشتی

ت: تاك

ك: کۆ

ج.ج: جێناوی جودا

ج.ل.ڕ: جێناوی لکاوی ڕێککەوتن

ئا.پ: ئامرازی پەیوەندی

تێ: تێپەڕ

تێنە: تێنەپەڕ

ڕ.ڕا: ڕەگی ڕابردوو

ڕ.ڕانە: ڕەگی ڕانەبردوو

م.ك.ڕا: مۆرفیمی کاتی ڕابردوو

م.ك.ڕانە: مۆرفیمی کاتی ڕانەبردوو

م.ئێ: مۆرفیمی ئێستا

م.دا: مۆرفیمی داهاتوو

م.خ: مۆرفیمی خاوەندار

ڕ- سەرەوە: ڕۆنانی سەرەوە

ڕ- ژێرەوە: ڕۆنانی ژێرەوە

# نـــاوەڕۆك

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|


**پێشەكی** ........................................ ١
**بەشی یەكەم/ جێناوە كەسییەكان و ئەركیان لە ڕستەدا** ........................................ ٥
**پاری یەكەم/ جێناوە كەسییەكان** ........................................ ٦
جێناو ........................................ ٦
جێناوە كەسییەكان ........................................ ٦
ا- جێناوە كەسییە جوداكان (نەلكاوەكان) ........................................ ٧
ب- جێناوە كەسییە لكاوەكان ........................................ ١٠
**پاری دووەم/ ئەركی جێناوە كەسییەكان لە ڕستەدا** ........................................ ١٦
ا- جێناوە كەسییە جوداكان (نەلكاوەكان) ........................................ ١٦
١- بكەر ........................................ ١٧
٢- جێگری بكەر ........................................ ١٧
٣- بەركاری ڕاستەوخۆ ........................................ ١٨
٤- بەركاری ناڕاستەوخۆ ........................................ ١٨
٥- دەرخەر ........................................ ١٩
ا- دەرخەری بكەر ........................................ ١٩
ب- دەرخەری جێگری بكەر ........................................ ١٩
پ- دەرخەری بەركاری ڕاستەوخۆ ........................................ ٢٠
ت- دەرخەری بەركاری ناڕاستەوخۆ ........................................ ٢٠
ب- جێناوە كەسییە لكاوەكان ........................................ ٢٠
١- جێناوی كەسییە لكاوەكانی دەستەی یەكەم ........................................ ٢٠
ا- بكەر ........................................ ٢١
ب- جێگری بكەر ........................................ ٢١
٢- جێناوی كەسییە لكاوەكانی دەستەی دووەم ........................................ ٢١
ا- بەركاری ڕاستەوخۆ ........................................ ٢٢
ب- بەركاری ناڕاستەوخۆ ........................................ ٢٢

**پ- دەرخەر** ........................................ ٢٢
**١- دەرخەری بکەر** ........................................ ٢٣
**٢- دەرخەری جێگری بکەر** ........................................ ٢٣
**٣- دەرخەری بەرکاری ڕاستەوخۆ** ........................................ ٢٣
**٤- دەرخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ** ........................................ ٢٤
**بەشی دووەم/ دەرکەوتنی جێناوە لکاوەکان لە داڕشتنی کارەکاندا**........................ ٢٥
**پاری یەکەم/ دەرکەوتنی جێناوە لکاوەکان لە داڕشتنی کارە تەواوەکاندا**........................ ٢٦
**سەرەتا** ........................................ ٢٦
**یەکەم/ کاری ڕابردووی ئیخباری بکەردیاری سادە** ........................................ ٢٧
**دووەم/ کاری ڕابردووی ئیخباری بکەردیاری بەردەوام** ........................................ ٢٨
**سێیەم/ کاری ڕابردووی ئیخباری بکەردیاری نزیك** ........................................ ٢٩
**چوارەم/ کاری ڕابردووی ئیخباری بکەردیاری دوور** ........................................ ٣٠
**پێنجەم/ کاری ڕابردووی ئینشائی بکەردیاری بەردەوام** ........................................ ٣١
**شەشەم/ کاری ڕابردووی ئینشائی بکەردیاری دوور** ........................................ ٣١
**حەوتەم/ کاری ڕانەبردووی ئیخباری بکەردیار** ........................................ ٣٢
**هەشتەم/ کاری ڕانەبردووی ئیلزامی** ........................................ ٣٣
**نۆیەم/ کاری فەرمان** ........................................ ٣٣
**دەیەم/ کاری ڕابردووی ئیخباری بکەرنادیاری سادە** ........................................ ٣٤
**یازدەیەم/ کاری ڕابردووی ئیخباری بکەرنادیاری بەردەوام** ........................................ ٣٤
**دوازدەیەم/ کاری ڕابردووی ئیخباری بکەرنادیاری نزیك** ........................................ ٣٥
**سیازدەیەم/ کاری ڕابردووی ئیخباری بکەرنادیاری دوور** ........................................ ٣٦
**چواردەیەم/ کاری ڕابردووی ئینشائی بکەرنادیاری بەردەوام** ........................................ ٣٦
**پازدەیەم/ کاری ڕابردووی ئینشائی بکەرنادیاری دوور** ........................................ ٣٧
**شازدەیەم/ کاری ڕانەبردووی ئیخباری بکەرنادیار** ........................................ ٣٨
**حەڤدەیەم/ کاری ڕانەبردووی ئیلزامی بکەرنادیار** ........................................ ٣٨
**پاری دووەم/ دەرکەوتنی جێناوە لکاوەکان لە داڕشتنی کارە ناتەواوەکاندا**........................ ٣٩
**کاری (بین و داشتن)** ........................................ ٣٩
**١- بوونی بوونایەتی (کینونە)** ........................................ ٣٩
**یەکەم/ کاری بوونی بوونایەتی بۆ ڕابردوو** ........................................ ٣٩
**دووەم/ کاری بوونی بونایەتی بۆ ئێستا** ........................................ ٤٠

سێیەم/ کاری بوونی بوونایەتی بۆ داهاتوو ........................................................ ٤١
٢- بوونی گۆڕان (صیرورە) ........................................................ ٤٢
یەکەم/ کاری بوونی گۆڕان بۆ ڕابردوو ........................................................ ٤٢
دووەم/ کاری بوونی گۆڕان بۆ ڕانەبردوو ........................................................ ٤٢
سێیەم/ کاری بوونی گۆڕان بۆ فەرمان ........................................................ ٤٣
٣- بوونی هەبوون (تملك) ........................................................ ٤٤
یەکەم/ کاری بوونی هەبوون بۆ ڕابردوو ........................................................ ٤٤
دووەم/ کاری بونی هەبوون بۆ داهاتوو ........................................................ ٤٥
سێیەم/ کاری بوونی هەبوون بۆ ئێستا ........................................................ ٤٥
٤- بوونی هەیی (وجود) ........................................................ ٤٦
یەکەم/ کاری بوونی هەیی بۆ ئێستا ........................................................ ٤٦
دووەم/ کاری بوونی هەیی بۆ ڕابردوو ........................................................ ٤٦
سێیەم/ کاری بوونی هەیی بۆ داهاتوو ........................................................ ٤٧
**بەشی سێیەم/ جێگۆڕکێ و ئەرکگۆڕکێی جێناوە لکاوەکان** ........................................................ ٤٨
**پاری یەکەم/ جوڵەی جێناوی لکاو** ........................................................ ٤٩
**پاری دووەم/ گۆڕانی جێناوی لکاو لە ڕستەی بکەرنادیاردا** ........................................................ ٦٨
**بەشی چوارەم/ ڕێککەوتن لە شێوەزاری خانەقیدا** ........................................................ ٧٢
سەرەتا ........................................................ ٧٣
جێناوە کەسییەکانو پەیوەندیی ڕێککەوتن ........................................................ ٧٦
١- جێناوی کەسییە جوداکان ........................................................ ٧٦
ڕیزکردنی جێناوە جوداکان بەپێی پلەی ئاشنایەتی ........................................................ ٧٩
٢- جێناوە کەسییە لکاوەکان ........................................................ ٨٣
ا- ئەو جێناوە لکاوانەی بە کارەوە دەلکێن ........................................................ ٨٣
ب- ئەو جێناوە لکاوانەی بە کەرەسەکانی تری ڕستەوە دەلکێن ........................................................ ٨٤
ئەرکی جێناوە لکاوەکان لە ڕستەداو پەیوەندیی ڕێککەوتن ........................................................ ٨٥
١- جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم ........................................................ ٨٥
ا- ئەرکی بکەر ........................................................ ٨٥
١- لە کارە تەواوەکاندا ........................................................ ٨٦
٢- لە کارە ناتەواوەکاندا ........................................................ ٩٠

ب- ئەركی جێگری بكەر ........................................................................ ٩٢
٢- جێناوە لكاوەكانی دەستەی دووەم .......................................................... ٩٢
ا- ئەركی بەركاری ڕاستەوخۆ .................................................................... ٩٣
ب- ئەركی بەركاری ناڕاستەوخۆ ................................................................ ٩٤
پ- ئەركی دەرخەر .............................................................................. ٩٤
**ئە نجامەكان** ....................................................................................... ٩٦
**سەرچاوەكان** ...................................................................................... ٩٨
**ملخص البحث** ..................................................................................... ١٠٢
**Abstract** ........................................................................................... ١٠٣

# پێشەكی

# پێشەکی

## ناونیشان و بواری نامەکە :

ناونیشانی نامەکە ((**ڕێزمانی جێناو لە شێوەزاری خانەقیدا**))یە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی جێناوە کەسییەکان لە شێوەزاری خانەقیدا تەرخانکراوە.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :

جێناوە کەسییەکان بریتیین لەو دانە سینتاکسییانەی کە دەتوانن شوێنی فرێزی ناوی بگرنەوەو ڕۆڵێکی چالاك‌و دیار لە زماندا ببینن، هەر بۆیە بە بەردەوامی گرنگی پێدراوەو باسی کراوە، بەڵام تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی بەرفراوان دەربارەی ئەم بابەتە لەم شێوەزارەدا نەخراوەتەڕوو، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم بابەتە بۆ ((**ڕێزمانی جێناو لە شێوەزاری خانەقیدا**)) تەرخانبکەین.

## کەرەستەی نامەکە :

ئەو کەرەستانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهاتون، کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی خوارووی - شێوەزاری خانەقییەو نموونەکانی ناو ئەم نامەیە لە زمانی ئاخاوتنی قسەپێکەرانی ئێستای خەڵکی شێوەزارەکەوە وەرگیراون‌و زارەکەش زاری ئاخاوتنی خۆمە.

## سنووری لێکۆڵینەوەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبارەی شێوەزاری خانەقییەوەیە، کە یەکێکە لە شێوەزارەکانی دیالێکتی خواروو (شێوەی لوڕی)*.

## گرنگی نامەکە :

١- تائێستا لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی زانستییانە دەربارەی جێناوە کەسییەکان لە شێوەزاری خانەقیدا نەکراوە.

٢- ئەم نامەیە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازی‌و لێکچوونی ئەم شێوەزارە لە شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی‌و هەنگاوێکە بۆ لێکۆڵینەوەی فراوانتر لەم ڕووەوە.

---

* دیاریکردنی شوێن‌و ناوچەی قسەپێکردنی زارەکە لەگەڵ نەخشەی شوێنەکان لە پاشکۆی ئەم نامەیەدا نیشاندراوە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە :

لەم نامەیەدا ڕێبازی وەسفیی شیکاری پەیڕەوکراوە، لە لایەکەوە دوای کۆکردنەوەی کەرەستەکان بە شێوەیەکی بابەتییانە شیکراونەتەوەو لەگەڵ وەسفکردنیاندا یاساو تایبەتییەکانیان نیشاندراوە، لە لایەکی تریشەوە لە چوارچێوەی بۆچوونی ڕێزمانی بەرهەمهێنان‌و گوێزانەوەدا ئەم بابەتە لە سنووری فرێزو ڕستەدا شیکراوەتەوە.

## بەشەکانی نامەکە :

نامەکە لە پێشەکی‌و چوار بەش‌و ئەنجام پێکهاتوە:

**بەشی یەکەم:**

**پاری یەکەم** بریتییە لە دەستنیشانکردنی جێناوە کەسییەکان لە شێوەزاری خانەقیدا، کە تیایدا یەك دەستە جێناوی کەسیی جوداو دوو دەستە جێناوی کەسیی لکاو دەستنیشانکراوە.

**پاری دووەم** بریتییە لە ئەرکی جێناوە کەسییە جوداو لکاوەکان لە ڕستەدا، پاشان فراوانکردنی فرێزی ناوی، کە جێناوە کەسییە جوداکان سەرەی فرێزە ناوییەکە پێکدەهێنن‌و بەشە ئاخاوتنەکانی تر دەبنە دەرخەر بۆی، یان جێناوە کەسییە جوداو لکاوەکان دەبنە دەرخەری سەرەی فرێزە ناوییەکە.

**بەشی دووەم:**

**پاری یەکەم** بریتییە لە دەرخستنی جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی یەکەم لە داڕشتنی کارە تەواوەکانداو خستنەڕووی یاسای داڕشتنی کارەکان.

**پاری دووەم** بریتییە لە دەرخستنی جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی یەکەم‌و دەستەی دووەم، کە بەشداری لە داڕشتنی جۆرێك لە بەکارهێنانی کاری ناتەواودا دەکەن‌و خستنەڕووی یاسای داڕشتنی کارەکان.

**بەشی سێیەم:**

**لە پاری یەکەمدا** جوڵەی جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی دووەم نیشاندراوە، کە ئەم جێناوانە بە پێی گۆڕینی ڕۆنانی کارەکە لە کاری بنەڕەتییەوە بۆ کاری داڕێژراو یان لێکدراو، لە کۆتایی کارەکەوە بۆ سەر پێشگری کارە داڕێژراوەکە یان بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەکە جێگۆڕکێ دەکەن، پاشان خستنەڕووی یاسای جێگیرکردنی بەرکاری ڕاستەوخۆو بەرکاری ناڕاستەوخۆو دەرخەر بە جێناوی لکاو.

**لە پاری دووەمدا** گۆڕانی جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی دووەم لە ڕستەی بکەردیار بۆ دەستەی یەکەم لە ڕستەی بکەرنادیاردا ڕوونکراوەتەوە، پاشان جێناوەکان شوێنی خۆیان دەگۆڕنو دەچنە سەر کارەکان.

## بەشی چوارەم:

ئەم بەشە بۆ ڕێککەوتن لە سنووری فرێزو ڕستە لە چوارچێوەی بۆچوونی ڕێزمانی بەرهەمهێنانو گوێزانەوە لە شێوەزاری خانەقیدا تەرخانکراوە، سەرەتا دیاردەی ڕێککەوتنو چەشنەکانیو چۆنێتی ڕێککەوتنی بکەرو کار لە ڕووی کەسو ژمارەوە بە پێی سیما واتاییەکان باسکراوە، پاشان جێناوە کەسییەکانو پەیوەندی ڕێککەوتنو پلەی ئاشنایەتییان بە پێی ئەو ئەرکەی لە ڕستەدا دەیبینن، ڕوونکراوەتەوە.

لە کۆتایدا ئەو ئەنجامانەی کە پێیان گەیشتووین، خراونەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم

## جێناوە کەسییەکان و ئەرکیان لە ڕستەدا

### پاری یەکەم:

### جێناوە کەسییەکان

### پاری دووەم:

### ئەرکی جێناوە کەسییەکان لە ڕستەدا

## پاری یەکەم// جێناوە کەسییەکان :

## جێناو :

بەشە ئاخاوتنێکە کە دەتوانێت شوێنی ناوێك یان فرێزێکی ناوی بگرێتەوەو ئەرکەکانی ناو لە ڕستەدا ببینێت[١]. لە ناو جێناوەکاندا (کەسی، هەیی، نیشانە، خۆیی، دیار، نادیار، پرسیار، لێکدەر، چەندێتی، نەفی، هاوبەش) تەنها جێناوی کەسی بە جێناو دادەنرێت، چونکە دەکرێت لە جێی فرێزێکی ناویی لە ڕستەدا بێت، کە ئەمیش جیاوازە لە پۆلکردنی چەشنەکانی جێناودا[٢].

## جێناوە کەسییەکان :

جێناوی کەسی واتای گیاندار دەگەیەنێ، واتە لە ڕووی پێوەندیی ئەو ئاخاوتنەوە: جێناوی کەسی یەکەم - قسەکەر، واتە خاوەنی قسە نیشاندەدا، جێناوی کەسی دووەم - قسە بۆکراو، واتە بەشداریکەری قسە دەردەخات، جێناوی کەسی سێیەم - قسە لێکراو، واتە بەشدارینەکەری قسە دەگەیەنێ‌و بۆیە بەبێ بایەخی دادەنێین[٣].

جێناوی کەسی پۆلێن دەکرێت بۆ[٤]:

١- کەس: کەسی یەکەم‌و دووەم‌و سێیەم.

٢- ژمارە: تاك، کۆ.

٣- ڕەگەز: نێر، مێ، بێلایەن.

٤- حاڵەت: بکەر، بەرکار، خۆیەتی (تەمەلوك)، ... هتد.

---

(١) ئەم پێناسەیەم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتوە:

ا- جێناو: وشەیەکە کە شوێنی ناوێك یان فرێزێکی ناوی دەگرێتەوە. بڕوانە:

Finch (2000: 114).

ب- جێناو: بریتییە لە وشەیەك کە دەتوانێت ئەرکی فرێزی ناوی، وەك بکەر یان بەرکار لە ڕستەدا ببینێت. بڕوانە :

Leech and Svartvik (1994: 355).

پ- جێناو: وشەیەکە کە دەتوانێت شوێنی ناوێك یان فرێزێکی ناوی بگرێتەوە. بڕوانە:

Crystal (1992: 315).

ت- جێناو: بەشە ئاخاوتنێکە کە شوێنی فرێزی ناوی دەگرێتەوەو جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵدا هەیە. بڕوانە:

Greenbaum and Quirk (1991: 108).

(٢) تارا موحسن قادر، جێناو: لێکدانەوەی نوێ لە زمانی کوردیدا، ل (١٢١).

(٣) ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی (جێناو)، ل (٥).

(4) Leech and Svartvik (1994: 332).

هەڵبژاردنی کەس‌و ژمارەو ڕەگەز ئاماژە بە زمانی ئاخاوتن دەکات، یان بە جۆری ئەو فرێزە ناوییە، کە جێناوەکە ئاماژەی پێدەکات، جێناوەکانیش بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەن بۆ فرێزی ناوی[1].

جێناوە کەسییەکان لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە دەکرێن بە دوو بەشەوە:

ا- جێناوە کەسییە جوداکان.

ب- جێناوە کەسییە لکاوەکان.

## ا- جێناوە کەسییە جوداکان:

ئەو جێناوانەن، کە دەتوانن بە سەربەخۆیی وەك مۆرفیمێکی ئازاد (سەربەست) لە ڕستەدا لەبری ناو یان فرێزی ناوی بەکاربێن‌و هەموو ئەرکەکانی ناو ببینن[2]. لە شێوەزاری خانەقیدا یەك دەستە جێناوی کەسیی جودا هەیە[3]، عەبدول موحسن بەنی وەیس دەڵێت: ڕاناوی نەلکاو لە شێوەی ئاخاوتنی خانەقی‌و مەندەلیدا بەم شێوەیەیە[4]:

ا- (م . من) بۆ کەسی یەکەمی تاك، وەکو (من کوردم، م کوردم).

ب- (ئێمە) بۆ کەسی یەکەمی کۆ، وەکو (ئێمە کوردیم).

ج- (ت ، تن) بۆ کەسی دووەمی تاك، وەکو (ت کوردی، تن کوردی).

د- (ئۆیە) بۆ کەسی دووەمی کۆ، وەکو (ئۆیە کوردین).

هـ- (ئەوێ) بۆ کەسی سێیەمی تاك، وەکو (ئەوێ کوردە).

و- (ئەوان) بۆ کەسی سێیەمی کۆ، وەکو (ئەوان کوردن).

---

(1) Ibid: 333.

(٢) ئەم پێناسەیەم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتوە:

ا- ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی، ڕێککەوتن لە شێوەی ژوورووی زمانی کوردیدا، ل (٥٧): ((بریتین لە مۆرفیمێکی ئازاد (سەربەست)و دەتوانن بە سەربەخۆیی لە ڕستەدا دەرکەون)).

ب- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، زمان‌و ئەدەبی کوردی (بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی)، ل (٣٥): ((جێناوی کەسیی سەربەخۆ: ئەو جێناوانەن لە ڕستەدا لەبری ناو بەکاردێن‌و هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینن، هەروەها لەگەڵ هەموو جۆرە کارێك بەکاردەهێنرێن (تێپەڕ، تێنەپەڕ)و (تەواو، ناتەواو)و (ڕابردوو، ڕانەبردوو) )).

(٣) ا- نعمەت عەلی سایە یەك دەستە جێناوی کەسیی جودای لە زاری کەڵهوڕیدا دەستنیشانکردوە، کە ئەمانەن (مە/من ، تە/تن ، ئەو ، ئیمە ، ئوە (ئیوە) ، ئەوان). بڕوانە: [نعمت علی سایە، ناوو ڕاناو لە زاری کەڵهوڕیدا، ل (٩٦)].

ب- تارا عەبدوڵلا یەك دەستە جێناوی کەسیی جودای لە زاری فەیلیدا دەستنیشانکردوە، کە ئەمانەن (من/مە ، تن/تە ، ئەو ، ئیمە ، ئیوە/ئوە ، ئوان/ئەوان) کە لە حاڵەتی بکەری‌و بەرکاریدا دەردەکەون. بڕوانە: [تارا عەبدوڵلا سەعید، هەندێك لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی، ل (٤٣)].

(٤) عبدالمحسن بنی ویس، بەراووردکردنێکی سەرپێی نێوان زاری کرمانجیی خواروو و زاری خانەقی، ل (١٤٤).

پاشان باسی کاری ڕابردوو و چوار جۆرەکەی (سادە ، نزیك ، دوور ، بەردەوام)[1] دەکات، بۆ هەریەکە لەو جۆرانەی کاری ڕابردوو شەش نموونەی بەپێی کەسو ژمارە بۆ هەردوو زارەکە هێناوەتەوەو تیایدا جێناوی کەسیی نەلکاوو جێناوی کەسیی لکاوی دەستنیشانکردوە، بۆ نموونە لە کاری ڕابردووی سادەدا ئەم نموونانەی هێناوەتەوە:

| سۆرانی | گەرمەسێر |
|---|---|
| من کەوتم | من کەفتم |
| تۆ کەوتی | ت کەفتی |
| ئەو کەوت | ئەو کەفت |
| ئێمە کەوتین | ئیمە کەفتیم |
| ئێوە کەوتن | ئیوە کەفتین |
| ئەوان کەوتن | ئەوان کەفتن |

لە هەردوو وتارەکەدا فۆرمی جێناوە کەسییە جوداکان بە شێوەیەکی جیاواز دەستنیشانکراوە.

بۆ دەستنیشانکردنی فۆرمی جێناوە کەسییە جوداکان، بڕوانە ئەم ڕستانەی خوارەوە:

١- من لە بازار نان خواردم. (من لە بازار نانم خوارد.)

من وتمە پیت، نەچو ئەرا مەکتەب. (من پێم وتی، مەچۆ بۆ قوتابخانە.)

کتاوەگەت لای من بی. (کتێبەکەت لای من بوو.)

من کەفتویم. (من کەوتبووم.)

ئیوە پارە ئەرا من کلنەکردن. (ئێوە پارەتان بۆ من نەنارد.)

لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی جودای کەسی یەکەمی تاك لە قالبی (من)دا دەردەکەوێت.

٢- تو دەرسەگە نویساید. (تۆ وانەکەت نووسی.)

تو هاتید ئەرا مالمان. (تۆ هاتی بۆ مالمان.)

من نامەگە ئەرا تو کلکردم. (من نامەکەم بۆ تۆ نارد.)

ئەیە هن تووە. (ئەمە هی تۆیە.)

کتاوەگەم وە تو بی. (کتێبەکەم بە تۆ بوو.)

لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی جودای کەسی دووەمی تاك لە قالبی (تو)دا دەردەکەوێت.

---

(١) عبدالمحسن بنی ویس، بەراووردکردنێکی نێوان زاری کرمانجی خواروو و زاری گەرمەسێر، ل (٩١-٩٢).

٣- ئەو چە داشتØ. (ئەو چی هەبوو.)

من قەڵەمەگە دامە ئەو. (من قەڵەمەکەم بە ئەو دا.)

من ئەو کلکەم ئەرا لاتان. (من ئەو دەنێرم بۆ لاتان.)

ئەو خوەی هاتØ ئەرا ئەیلا. (ئەو خۆی هات بۆ ئێرە.)

خوەزگە ئەو بکەفتاØ. (خۆزگە ئەو بکەوتایە.)

لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی جودای کەسی سێیەمی تاك لە قاڵبی (ئەو)دا دەردەکەوێت.

٤- ئیمە ئیوە ناسیمن. (ئێمە ئێوە دەناسین.)

وەختێ ئیمە هاتیمن، ئەوان نیشتوین. (کاتێ ئێمە هاتین، ئەوان دانیشتبوون.)

ئەوان وە ئیمەو شانازی کەن. (ئەوان بە ئێمەوە شانازی دەکەن.)

دەرد ئیمە لە تو بکەفد. (دەردی ئێمە لە تۆ بکەوێت.)

ئازاد ئیمە چڕی. (ئازاد ئێمەی بانگکرد.)

لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی جودای کەسی یەکەمی کۆ لە قاڵبی (ئیمە)دا دەردەکەوێت.

٥- ئیوە لە بان خانی خەفن. (ئێوە لە سەر بان دەنوون.)

ئیمەو ئیوە قەومین. (ئێمەو ئێوە خزمین.)

سوو من تێم ئەرا ماڵ ئیوە. (بەیانی من دێم بۆ ماڵی ئێوە.)

من دوێتەگەی ئیوە دیم. (من کچەکەی ئێوەم بینی.)

ئیوە جویر ئیمە ئازان. (ئێوە وەك ئێمە ئازان.)

لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی جودای کەسی دووەمی کۆ لە قاڵبی (ئیوە)دا دەردەکەوێت.

٦- ئەوان کین؟ (ئەوان کێن؟)

تا ئەوان هاتنەو، من چیم. (تا ئەوان هاتنەوە، من چووم.)

تو خانییەگە ئەرا ئەوان سەندیدە. (تۆ خانووەکەت بۆ ئەوان کڕیوە.)

مامرەگەی ئەوان بفروش. (مریشکەکەی ئەوان بفرۆشە.)

ئەوان ئەرا چە لیوا ئویشن؟ (ئەوان بۆچی وا دەڵێن؟)

لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی جودای کەسی سێیەمی کۆ لە قاڵبی (ئەوان)دا دەردەکەوێت.

جێناوە کەسییە جوداکان لـە شێوەزاری خانەقیدا بەپێی کەس‌و ژمارە لـەم خشتەیەدا دیاریکراوە:

| ژمارە | کەس | جێناوی کەسیی جودا |
|---|---|---|
| تاك | یەکەم | من |
| | دووەم | تو |
| | سێیەم | ئەو |
| کۆ | یەکەم | ئیمە |
| | دووەم | ئیوە |
| | سێیەم | ئەوان |

**خشتەی ژمارە (١)**

## ب- جێناوە کەسییە لکاوەکان:

بریتین لەو جێناوانەی، کە لـەجیاتی جێناوی جوداو ناوی کەس بەکاردێن، وەك وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ لە ناو ڕستەدا بەکارنایەن، بەڵکو بە وشەیەکی ترەوە دەلکێنرێن، بۆ دەربڕینی دەوری کەسیی‌و پەیوەندیی وەسفی لـە ڕستەدا بەکاردێن، نالوێت ئاخاوتنی پێ دەست پێبکرێت[١]. چونکە ئەم جێناوانە نووسەکن[٢]، کە بە وشەی پێش خۆیانەوە دەلکێنرێن، لـە شێوەزاری خانەقیدا دوو دەستە جێناوی کەسیی لکاو هەیە[٣].

---

(١) تارا موحسن قادر، جێناو: لێکدانەوەی نوێ لە زمانی کوردیدا، ل (٥).

(٢) نووسەك (کلیتیك): ئایتمێکە هەڵسوکەوتی لـە نێوان لاگرو وشەدا دەردەکەوێت، واتە ئاکاری سینتاکسیی وشەی هەیە، سەربەستە، بەلاّم لـە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە بەستراوە بە وشەیەکی هاوسێیەوە، دەتوانێت لـە فۆرمی هێشوویەکدا دەربکەوێت‌و دابەشدەبێت بۆ : ا- پرۆکلیتیك ب- ئینکلیتیك. بڕوانە: [سەرچاوەی پێشوو، ل (٤٦)].

(٣) ا- نعمەت عـەلی سایە دوو دەسـتە جێناوی کـەسیی لکاوی بەپێی کـەس‌و ژمـارە لـە زاری کەڵهوڕیـدا دەستنیشانکردوە، ئەمانەن:

دەستەی یەکەم: جێناوی کەسیی لکاو لـە دۆخی کارادا (م ، ی/ید/یت ، Ø ، یم ، ین ، ن).

دەستەی دووەم: جێناوی کەسیی لکاو لـە دۆخی بەرکاردا (م ، د/ت ، یٚ ، مان ، دان/تان ، ان).

بڕوانە: [نعمت علی سایە، ناو و ڕاناو لـە زاری کەڵهوڕیدا، ل (٩٦ - ٩٧)].

ب- تـارا عـەبـدوڵلاّ سێ دەستە جێناوی کەسیی لکاوی بەپێی کـەس‌و ژمـارە لـە زاری فـەیلیدا دەستنیشانکردوە، ئەمانەن: دەستەی یەکەم (م ، یت/ید ، Ø ، یمن/یم ، ین ، ن).

دەستەی دووەم (م ، یت/ید ، د ، یمن/یم ، ین ، ن).

دەستەی سێیەم (م ، ت ، ی ، مان ، تان/دان ، یان).

بڕوانە: [تارا عەبدوڵلاّ سەعید، هەندێك لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی، ل (٤٣)].

عەبدول موحسن بەنی وەیس تەنها یەك دەستە جێناوی كەسیی لكاوی لە شێوەی ئاخاوتنی خانەقیو مەندەلیدا دەستنیشانكردوە، كە ئەمەیە[1] :

| شێوەی سۆرانی | شێوەی خانەقی | |
|---|---|---|
| ١- كارم كرد | كاركردم | (م) بۆ كەسی یەكەمی تاك |
| ٢- كارمان كرد | كاركردیم | (یم) بۆ كەسی یەكەمی كۆ |
| ٣- كارت كرد | كاركردیت | (یت) بۆ كەسی دووەمی تاك |
| ٤- كارتان كرد | كار كردین | (ین) بۆ كەسی دووەمی كۆ |
| ٥- كاری كرد | كاركرد | (-) بۆ كەسی سێیەمی تاك |
| ٦- كاریان كرد | كاركردن | (ن) بۆ كەسی سێیەمی كۆ |

پاشان هەمان دەستە جێناوی لكاوی بەكارهێناوەتەوە، كەچی جێناوی لكاوی كەسی دووەمی تاك لە قاڵبی (یت)وە گۆڕاوە بۆ قاڵبی (ی ، ید)، بۆ نموونە لە كاری ڕابردووی (سادە ، نزیك ، دوور ، بەردەوام)دا ئەم نموونانەی هێناوەتەوە[2]:

| سۆرانی | گەرمەسێر |
|---|---|
| تۆ كەوتی | ت كەفتی |
| تۆ كەوتووی | ت كەفتیدە |
| تۆ كەوتبووی | ت كەفتبید (كەفتوید) |
| تۆ دەكەوتی | ت پەسا كەفتی |

بۆ دەستنیشانكردنی فۆرمی جێناوە كەسییە لكاوەكانی دەستەی یەكەم، بڕوانە ئەم ڕستانەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| ١- من شویشەگە شكانم. | (من شوشەكەم شكاند.) |
| من هاتم ئەرا لات. | (من هاتم بۆ لات.) |
| خوەزگە من نان بخواردام. | (خۆزگە من نانم بخواردایە.) |
| من توپەگە بەم. | (من تۆپەكە دەبەم.) |
| من چم ئەرا ئاوایی. | (من دەڕۆم بۆ لادێ.) |
| لەوانەس من كاربكەم. | (ڕەنگە من كاربكەم.) |

لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی لكاوی كەسی یەكەمی تاك لە قاڵبی (م)دا دەردەكەوێت.

---

(١) عبدالمحسن بنی ویس، بەراووردكردنێكی سەرپێی نێوان زاری كرمانجیی خواروو و زاری خانەقی، ل (١٤٤).

(٢) عبدالمحسن بنی ویس، بەراووردكردنێكی نێوان زاری كرمانجی خواروو و زاری گەرمەسێر، ل (٩١-٩٢).

٢- تو شویشەگە شکانی. (تۆ شوشەکەت شکاند.)

تو هاتی ئەرا لام. (تۆ هاتیت بۆ لام.)

خوەزگە تو نان بخواردايد. (خۆزگە تۆ نانت بخواردايە.)

تو توپەگە بەيد. (تۆ تۆپەکە دەبەيت.)

تو چيت ئەرا ئاوايی. (تۆ دەڕۆيت بۆ لادێ.)

لەوانەس تو کاربکەيت. (لەوانەيە تۆ کاربکەيت.)

لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك لە قاڵبی (ی/يد/يت)دا دەردەکەوێت.

٣- ئەو شویشەگە شکانØ. (ئەو شوشەکەی شکاند.)

ئەو هاتØ ئەرا لام. (ئەو هات بۆ لام.)

خوەزگە ئەو نان بخواردا‌Ø. (خۆزگە ئەو نانی بخواردايە.)

ئەو توپەگە بەد. (ئەو تۆپەکە دەبات.)

ئەو چد ئەرا ئاوايی. (ئەو دەڕوات بۆ لادێ.)

لەوانەس ئەو کاربکەد. (لەوانەيە ئەو کاربکات.)

لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی لکاوی کەسی سێيەمی تاك لە قاڵبی (Ø، د)دا دەردەکەوێت.

٤- ئيمە شویشەگە شکانيم. (ئێمە شوشەکەمان شکاند.)

ئيمە هاتين ئەرا لات. (ئێمە هاتين بۆ لات.)

خوەزگە ئيمە نان بخوارداييم. (خۆزگە ئێمە نانمان بخواردايە.)

ئيمە توپەگە بەين. (ئێمە تۆپەکە دەبەين.)

ئيمە چيمن ئەرا ئاوايی. (ئێمە دەڕۆين بۆ لادێ.)

لەوانەس ئيمە کاربکەيمن. (لەوانەيە ئێمە کاربکەين.)

لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی لکاوی کەسی يەکەمی کۆ لە قاڵبی (يم/ين/يمن)دا دەردەکەوێت.

٥- ئيوە شویشەگە شکانن. (ئێوە شوشەکەتان شکاند.)

ئيوە هاتن ئەرا لام. (ئێوە هاتن بۆ لام.)

خوەزگە ئيوە نان بخواردان. (خۆزگە ئێوە نانتان بخواردايە.)

ئيوە توپەگە بەن. (ئێوە تۆپەکە دەبەن.)

ئيوە چن ئەرا ئاوايی. (ئێوە دەڕۆن بۆ لادێ.)

لەوانەس ئيوە کاربکەن. (لەوانەيە ئێوە کاربکەن.)

لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆ لە قاڵبی (ن)دا دەردەکەوێت.

٦- ئەوان شویشەگە شکانن. (ئەوان شوشەکەیان شکاند.)

ئەوان هاتن ئەرا لام. (ئەوان هاتن بۆ لام.)

خوەزگە ئەوان نان بخواردان. (خۆزگە ئەوان نانیان بخواردایە.)

ئەوان توپەگە بەن. (ئەوان تۆپەکە دەبەن.)

ئەوان چن ئەرا ئاوایی. (ئەوان دەڕۆن بۆ لادێ.)

لەوانەس ئەوان کاربکەن. (لەوانەیە ئەوان کاربکەن.)

لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ لە قاڵبی (ن)دا دەردەکەوێت.

جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی یەکەم لە شێوەزاری خانەقیدا بەپێی کەس و ژمارە لەم خشتەیەدا دیاریکراوە:

| ژمارە | کەس | جێناوی کەسیی لکاوی دەستەی یەکەم |
|---|---|---|
| تاک | یەکەم | م |
| | دووەم | ی/یت/ید |
| | سێیەم | Ø ، د[1] |
| کۆ | یەکەم | یـ(مـ)ن[2] |
| | دووەم | ن |
| | سێیەم | ن |

**خشتەی ژمارە (٢)**

(١) جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی یەکەم لەگەڵ کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوو بەکاردەهێنرێن، تەنیا جێناوی کەسی سێیەمی تاک نەبێت، کە مۆرفیمی سفر (Ø) لەگەڵ کاری ڕابردوودا دەردەکەوێت، بەلاّم جێناوی (د) لەگەڵ کاری ڕانەبردوودا دەردەکەوێت، بۆ نموونە: ئازاد نان خواردØ.

ئازاد نان خوەد.

(٢) لە شێوەزاری خانەقیدا جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ لە سێ قاڵبی (ین/ یم/ یمن)دا دەردەکەوێت، بەلاّم لێرەدا قاڵبێکی ڕێزمانی [ یـ(مـ)ن ]مان بۆ ئەم جێناوە داناوە، چونکە لە ڕووی واتاوە هەمان چمکی جێناوی لکاوی یەکەمی کۆ دەگەیەنن، هەروەها دەنگی (مـ) لە نێوان دەنگی (یـ)و (ن) بۆ زیاتر جەختکردنە لە سەر جێناوی (ئیمە)دا.

بۆ دەستنیشانکردنی فۆرمی جێناوی کەسییە لکاوەکانی دەستەی دووەم، بڕوانە ئەم ڕستانەی خوارەوە:

١- بردØەم. (بردمی.)
دامگرد. (دامدەگرێت.)
خوەزگە کلمبکرداØ. (خۆزگە بی ناردمایە.)
ئازاد قەڵەمیگ ئەرام سەندØ. (ئازاد قەڵەمێکی بۆ کڕیم.)
باوگم ئویشدە پیم، نەچو دەشت. (باوکم پێم دەڵێت، مەڕۆ دەرەوە.)
خانییەگەم ڕمنریاØ. (خانووەکەم ڕوخێنرا.)
لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك لە قاڵبی (م)دا دەردەکەوێت.

٢- بردØەت. (بردتی.)
داتگرد. (داتدەگرێت.)
خوەزگە کلتبکرداØ. (خۆزگە بی ناردیتایە.)
ئازاد قەڵەمیگ ئەراد سەندØ. (ئازاد قەڵەمێکی بۆ کڕیت.)
باوگت ئویشدە پید، نەچو دەشت. (باوکت پێت دەڵێت، مەڕۆ دەرەوە.)
خانییەگەد ڕمنریاØ. (خانووەکەت ڕوخێنرا.)
لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك لە قاڵبی (د/ت)دا دەردەکەوێت.

٣- بردØەی. (بردیی.)
دایگرد. (دایدەگرێت.)
خوەزگە کلیبکرداØ. (خۆزگە بی ناردایە.)
ئازاد قەڵەمیگ ئەرای سەندØ. (ئازاد قەڵەمێکی بۆ کڕی.)
باوگی ئویشدە پیی، نەچو دەشت. (باوکی پێی دەڵێت، مەڕۆ دەرەوە.)
خانییەگەی ڕمنریاØ. (خانووەکەی ڕوخێنرا.)
لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە قاڵبی (ی)دا دەردەکەوێت.

٤- بردØەمان. (بردمانی.)
دامانگرد. (داماندەگرێت.)
خوەزگە کلمانبکرداØ. (خۆزگە بی ناردینایە.)
ئازاد قەڵەمیگ ئەرامان سەندØ. (ئازاد قەڵەمێکی بۆ کڕین.)

باوگمان ئویشده پیمان، نەچنە دەشت. (باوکمان پێمان دەڵێت، مەڕۆنە دەرەوە.)

خانییەگەمان ڕمنریاØ. (خانووەکەمان ڕوخێنرا.)

لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ لە قاڵبی (مان)دا دەردەکەوێت.

٥- بردØەدان. (بردتانی.)

داتانگرد. (داتاندەگرێت.)

خوەزگە کلتانبکرداØ. (خۆزگە بی ناردنایە.)

ئازاد قەڵەمیگ ئەراتان سەندØ. (ئازاد قەڵەمێکی بۆ کڕین.)

باوگتان ئویشده پیتان، نەچنە دەشت. (باوکتان پێتان دەڵێت، مەڕۆنە دەرەوە.)

خانییەگەدان ڕمنریاØ. (خانووەکەتان ڕوخێنرا.)

لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆ لە قاڵبی (دان/تان)دا دەردەکەوێت.

٦- بردØەیان. (بردیانی.)

دایانگرد. (دایاندەگرێت.)

خوەزگە کلیانبکرداØ. (خۆزگە بی ناردنایە.)

ئازاد قەڵەمیگ ئەرایان سەندØ. (ئازاد قەڵەمێکی بۆ کڕین.)

باوگیان ئویشده پییان، نەچنە دەشت. (باوکیان پێیان دەڵێت، مەڕۆنە دەرەوە.)

خانییەگەیان ڕمنریاØ. (خانووەکەیان ڕوخێنرا.)

لەم نموونانەی سەرەوەدا جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ لە قاڵبی (یان)دا دەردەکەوێت.

جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی دووەم لە شێوەزاری خانەقیدا بەپێی کەس و ژمارە لەم خشتەیەدا دیاریکراوە:

| ژمارە | کەس | جێناوی کەسیی لکاوی دەستەی دووەم |
| --- | --- | --- |
| تاک | یەکەم | م |
| | دووەم | ت/د |
| | سێیەم | ی |
| کۆ | یەکەم | مان |
| | دووەم | تان/دان |
| | سێیەم | یان |

**خشتەی ژمارە (٣)**

دەتوانین جێناوە کەسییە جوداو جێناوە کەسییە لکاوەکان بەپێی کەس‌و ژمارە لەم خشتەیەدا بخەینەڕوو، بەم شێوەیە:

| ژمارە | کەس | جودا | لکاو A | لکاو B |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تاك | من | م | م |
| ٢ | | تو | ی/ید/یت | ت/د |
| ٣ | | ئەو | Ø ، د | ی |
| ١ | کۆ | ئیمە | یـ(مـ)ن | مان |
| ٢ | | ئیوە | ن | تان/دان |
| ٣ | | ئەوان | ن | یان |

**خشتەی ژمارە (٤)**

## پاری دووەم// ئەرکی جێناوە کەسییەکان لە ڕستەدا :

### ا- جێناوە کەسییە جوداکان :

سادەترین فرێزی ناوی لە ناوێك یا جێناوێك پێکدێت[١]. بۆ نموونە:

ئازاد هات.

ئەو هات.

جێناوە کەسییە جوداکان دەتوانن وەك ناوئاسایەك شوێنی ناو بگرن‌و فرێزێکی ناوی پێکبهێنن‌و هەموو ئەرکە ڕێزمانییەکانی ناویش لە ڕستەدا ببینن.

جێناوە کەسییە جوداکان لە ڕستەدا ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەبینن:

١- بکەر.

٢- جێگری بکەر.

٣- بەرکاری ڕاستەوخۆ.

٤- بەرکاری ناڕاستەوخۆ.

٥- دەرخەر:

ا- دەرخەری بکەر.

ب- دەرخەری جێگری بکەر.

---

(١) وریا عومەر ئەمین، بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی، ل (١٨٥).

پ- دەرخەری بەرکاری ڕاستەوخۆ.

ت- دەرخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ.

٦- تەواوکەری کاری ناتەواو.

## ١- **بکەر:**

جێناوە کەسییە جوداکان لە ڕستەدا دەبنە بکەری هەموو کاتەکانی کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕی بکەردیاری ئیخباریو ئینشائی، بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| من | نان خواردم. | (من نانم خوارد.) |
| تو | خواردید. | (تۆ نانت خوارد.) |
| ئەو | خوارد. | (ئەو نانی خوارد.) |
| ئیمە | خواردیمن. | (ئێمە نانمان خوارد.) |
| ئیوە | خواردن. | (ئێوە نانتان خوارد.) |
| ئەوان | خواردن. | (ئەوان نانیان خوارد.) |

## ٢- **جێگری بکەر:**

جێناوە کەسییە جوداکان لە ڕستەدا دەبنە جێگری بکەری هەموو کاتەکانی کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی بکەرنادیاری ئیخباریو ئینشائی، بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| من | هوکارە کریەم. | (من فێردەکرێم.) |
| تو | کریەید. | (تۆ فێردەکرێیت.) |
| ئەو | کریەد. | (ئەو فێردەکرێت.) |
| ئیمە | کریەیمن. | (ئێمە فێردەکرێین.) |
| ئیوە | کریەن. | (ئێوە فێردەکرێن.) |
| ئەوان | کریەن. | (ئەوان فێردەکرێن.) |

**٣- بەرکاری ڕاستەوخۆ:**

جێناوە کەسییە جوداکان لە ڕستەدا دەبنە بەرکاری ڕاستەوخۆی هەموو کاتەکانی کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕی بکەردیاری ئیخباریو ئینشائی، بۆ نموونە:

ئازاد (من / تو / ئەو / ئیمە / ئیوە / ئەوان) دویند.

(ئازاد من دەبینێت.)
(ئازاد تۆ دەبینێت.)
(ئازاد ئەو دەبینێت.)
(ئازاد ئێمە دەبینێت.)
(ئازاد ئێوە دەبینێت.)
(ئازاد ئەوان دەبینێت.)

**٤- بەرکاری ناڕاستەوخۆ:**

جێناوە کەسییە جوداکان لە ڕستەدا بەیاریدەی پێشبەندەکان فرێزی بەند پێکدێنن‌و دەبنە بەرکاری ناڕاستەوخۆی هەموو کاتەکانی کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕی بکەردیارو بکەرنادیاری ئیخباریو ئینشائی، بۆ نموونە:

ئازاد کتاوەگە ئەرا (من / تو / ئەو / ئیمە / ئیوە / ئەوان) هاورد.

(ئازاد کتێبەکەی بۆ من هێنا.)
(ئازاد کتێبەکەی بۆ تۆ هێنا.)
(ئازاد کتێبەکەی بۆ ئەو هێنا.)
(ئازاد کتێبەکەی بۆ ئێمە هێنا.)
(ئازاد کتێبەکەی بۆ ئێوە هێنا.)
(ئازاد کتێبەکەی بۆ ئەوان هێنا.)

هەروەها جێناوە جوداکان کە سەرەی فرێزی ناوی پێکدەهێنن، بە ناو یان ناوئاسا (ئاوەڵناو ، ... تاد) فرێزی ناوییەکە فراواندەکەن، بۆ نموونە:

ئیمەی کورد ئەرا ئازادی هەوڵدەیمن. (ئێمەی کورد بۆ ئازادی هەوڵدەدەین.)

ئیوەی شاترِ وە یەکەم دەرچین. (ئێوەی زیرەك بە یەکەم دەرچوون.)

**٥- دەرخەر:**

**ا- دەرخەری بکەر:**

جێناوە کەسییە جوداکان لە ڕستەدا بەیاریدەی ئامرازی خستنەسەر (ئیزافە)[١] دەبنە دەرخەری بکەری کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕی بکەردیاری ئیخباریو ئینشائی، بۆ نموونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| جفتیارەگەی | من | زەوییەگە کاڵی. | (جوتیارەکەی من زەوییەکەی کێڵا.) |
| | تو | | (جوتیارەکەی تۆ زەوییەکەی کێڵا.) |
| | ئەو | | (جوتیارەکەی ئەو زەوییەکەی کێڵا.) |
| | ئیمە | | (جوتیارەکەی ئێمە زەوییەکەی کێڵا.) |
| | ئیوە | | (جوتیارەکەی ئێوە زەوییەکەی کێڵا.) |
| | ئەوان | | (جوتیارەکەی ئەوان زەوییەکەی کێڵا.) |

**ب- دەرخەری جێگری بکەر:**

جێناوە کەسییە جوداکان لە ڕستەدا بەیاریدەی ئامرازی خستنەسەر دەبنە دەرخەری جێگری بکەری کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی بکەرنادیاری ئیخباریو ئینشائی، بۆ نموونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| خانییەگەی | من | ڕمنریاس. | (خانووەکەی من ڕوخێنراوە.) |
| | تو | | (خانووەکەی تۆ ڕوخێنراوە.) |
| | ئەو | | (خانووەکەی ئەو ڕوخێنراوە.) |
| | ئیمە | | (خانووەکەی ئێمە ڕوخێنراوە.) |
| | ئیوە | | (خانووەکەی ئێوە ڕوخێنراوە.) |
| | ئەوان | | (خانووەکەی ئەوان ڕوخێنراوە.) |

---

(١) شایانی باسە ((لە شێوەی ئاخاوتنی خانەقینو مەندەلیدا هەر وشەیەك کۆتایی (ا) یان (ه) نەبێت، (ی)ی ئیزافە (یاء الاضافة) لەگەڵ ئەو وشەدا بەکارناهێنرێ. ناڵێن (ماڵی ئازاد) یاخود (لەشکری عیراق) بەڵکو دەڵێن (ماڵ ئازاد، لەشکر عیراق)، بەڵام ئەگەر کۆتایی هەر وشەیەك (ا ، ه) بێت، (ی) ی ئیزافە بەکاردەهێنرێ بۆ نموونە (سوپای عیراق، مەشکەی دۆ) سوپاو مەشکە بەتێکڕایی کۆتاییان (ا ، ه) یە.)) ، بڕوانە: [عبدالمحسن بنی ویس، بەراووردکردنێکی سەرپێی نێوان زاری کرمانجیی خواروو و زاری خانەقی، ل (١٤٣)].

### پ- دەرخەری بەرکاری ڕاستەوخۆ:

جێناوە کەسییە جوداکان لـە ڕستەدا بەیاریدەی ئامرازی خستنەسەر دەبنە دەرخەری بەرکاری ڕاستەوخۆی هەموو کاتەکانی کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕی بکەردیاری ئیخباریو ئینشائی، بۆ نموونە:

ئازاد گولْەگەی (من / تو / ئەو / ئیمە / ئیوە / ئەوان) کیشا.

(ئازاد گولْەکەی منی هەلْکێشا.)
(ئازاد گولْەکەی تۆی هەلْکێشا.)
(ئازاد گولْەکەی ئەوی هەلْکێشا.)
(ئازاد گولْەکەی ئێمەی هەلْکێشا.)
(ئازاد گولْەکەی ئێوەی هەلْکێشا.)
(ئازاد گولْەکەی ئەوانی هەلْکێشا.)

### ت- دەرخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ:

جێناوە کەسییە جوداکان لـە ڕستەدا بەیاریدەی ئامرازی خستنەسەر دەبنە دەرخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆی هەموو کاتەکانی کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕی بکەردیارو بکەرنادیاری ئیخباریو ئینشائی، بۆ نموونە:

شیتەگە خراو وە منالْـەگان (من / تو / ئەو / ئیمە / ئیوە / ئەوان) دەد.

(شێتەکە جوێن بە منالْەکانی من دەدات.)
(شێتەکە جوێن بە منالْەکانی تۆ دەدات.)
(شێتەکە جوێن بە منالْەکانی ئەو دەدات.)
(شێتەکە جوێن بە منالْەکانی ئێمە دەدات.)
(شێتەکە جوێن بە منالْەکانی ئێوە دەدات.)
(شێتەکە جوێن بە منالْەکانی ئەوان دەدات.)

### ٦- تەواوکەری کاری ناتەواو:

جێناوە کەسییە جوداکان لـە ڕستەدا دەبنە تەواوکەری کارە ناتەواوەکان، بۆ نموونە:

ئەی کتاوە هن (من / تو / ئەو / ئیمە / ئیوە / ئەوان) بی.

(ئەم کتێبە هی من بوو.)
(ئەم کتێبە هی تۆ بوو.)
(ئەم کتێبە هی ئەو بوو.)
(ئەم کتێبە هی ئێمە بوو.)
(ئەم کتێبە هی ئێوە بوو.)
(ئەم کتێبە هی ئەوان بوو.)

## ب- جێناوە کەسییە لکاوەکان:

### ١- جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی یەکەم (A):

لە ڕستەدا ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەبینن:

ا- بکەر.

ب- جێگری بکەر.

### ا- بکەر:

جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی یەکەم لە ڕستەدا دەبنە بکەری هەموو کاتەکانی کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕی بکەردیاری ئیخباریو ئینشائی، بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| دەرسەگە نویسا | م . | (وانەکەم نووسی.) |
| | ید | (وانەکەت نووسی.) |
| | Ø | (وانەکەی نووسی.) |
| | یمن | (وانەکەمان نووسی.) |
| | ن | (وانەکەتان نووسی.) |
| | ن | (وانەکەیان نووسی.) |

### ب- جێگری بکەر:

جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی یەکەم لە ڕستەدا دەبنە جێگری بکەری هەموو کاتەکانی کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی بکەرنادیاری ئیخباریو ئینشائی، بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| خەفنریا | م . | (خەوێنرام.) |
| | ید | (خەوێنرایت.) |
| | Ø | (خەوێنرا.) |
| | یمن | (خەوێنراین.) |
| | ن | (خەوێنران.) |
| | ن | (خەوێنران.) |

## ٢- جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی دووەم (B):

لە ڕستەدا ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەبینن:

ا- بەرکاری ڕاستەوخۆ.

ب- بەرکاری ناڕاستەوخۆ.

پ- دەرخەر:

١- دەرخەری بکەر.

٢- دەرخەری جێگری بکەر.

٣- دەرخەری بەرکاری ڕاستەوخۆ.

٤- دەرخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ.

### ١- بەرکاری ڕاستەوخۆ:

جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی دووەم لە ڕستەدا دەبنە بەرکاری ڕاستەوخۆی هەموو کاتەکانی کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕی بکەردیاری ئیخباریو ئینشائی، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| خستیدەم. | (خستتم.) |
| خستمەد. | (خستمیت.) |
| خستمەی. | (خستم.) |
| خستیدەمان. | (خستتین.) |
| خستمەدان. | (خستمن.) |
| خستمەیان. | (خستمن.) |

### ٢- بەرکاری ناڕاستەوخۆ:

جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی دووەم لە ڕستەدا بەیاریدەی پێشبەندەکان فرێزی بەند پێکدێننو هەمیشە بە دوای پێشبەندەکانەوە دەلکێنرێنو دەبنە بەرکاری ناڕاستەوخۆی هەموو کاتەکانی کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕی بکەردیارو بکەرنادیاری ئیخباریو ئینشائی، بۆ نموونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| پیاوەگە چاڵەگە وەپی | م | هەڵکەنی. | (پیاوەکە چاڵەکەی پێ هەڵکەندم.) |
| | د | | (پیاوەکە چاڵەکەی پێ هەڵکەندیت.) |
| | ی | | (پیاوەکە چاڵەکەی پێ هەڵکەند.) |
| | مان | | (پیاوەکە چاڵەکەی پێ هەڵکەندین.) |
| | دان | | (پیاوەکە چاڵەکەی پێ هەڵکەندن.) |
| | یان | | (پیاوەکە چاڵەکەی پێ هەڵکەندن.) |

## ٣- دەرخـەر:

جێناوە کەسـییە لکاوەکانی دەستەی دووەم لـە ڕسـتەدا بەبێ یـاریدەی ئـامرازی خستنەسەر دەبنە دەرخەری سـەرەی فرێزە نـاوییەکە. بەڵام ئەو نـاوەی کە بە یەکێك لـەم جێناوانە تـەواوبکرێت، بە هیـچ وشـەیەکی تر تەواونـاکرێت، واتە فرێزێکی داخراوە، چونکە دەبێتە هۆی تێکچوونی واتای ڕستەکە[1].

### ٣-١/ دەرخـەری بکـەر:

جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی دووەم لـە ڕستەدا بەبێ یاریدەی ئـامرازی خستنەسەر دەبنە دەرخەری بکەری کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕی بکەردیاری ئیخباریو ئینشائی، بۆ نموونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| کەموترەگە | م | باڵەوگرد. | (کۆترەکەم هەڵفڕی.) |
| | د | | (کۆترەکەت هەڵفڕی.) |
| | ی | | (کۆترەکەی هەڵفڕی.) |
| | مان | | (کۆترەکەمان هەڵفڕی.) |
| | دان | | (کۆترەکەتان هەڵفڕی.) |
| | یان | | (کۆترەکەیان هەڵفڕی.) |

### ٣-٢/ دەرخـەری جێگری بکـەر:

جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەسـتەی دووەم لـە ڕستەدا بـەبێ یـاریدەی ئـامرازی خستنەسەر دەبنە دەرخەری جێگری بکەری کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی بکەرنادیاری ئیخبارییو ئینشائی، بۆ نموونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| حەفلەگە | م | دواخریەد. | (ئاهەنگەکەم دوادەخرێت.) |
| | د | | (ئاهەنگەکەت دوادەخرێت.) |
| | ی | | (ئاهەنگەکەی دوادەخرێت.) |
| | مان | | (ئاهەنگەکەمان دوادەخرێت.) |
| | دان | | (ئاهەنگەکەتان دوادەخرێت.) |
| | یان | | (ئاهەنگەکەیان دوادەخرێت.) |

---

(١) لیژنەیەك لـە وەزارەتی پەروەردە، زمانو ئەدەبی کوردی (بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی)، ل (٥٥).

### ٣-٣/ دەرخـەری بەرکاری ڕاستەوخۆ:

جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی دووەم لـە ڕستەدا بەبێ یـاریدەی ئـامرازی خستنەسەر دەبنە دەرخەری بەرکاری ڕاستەوخۆی هەموو کاتەکانی کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕی بکەردیاری ئیخباریو ئینشائی، بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| شیتەگە کوڕەگە | م | ڕاونا. (شێتەکە کوڕەکەی ڕاونام.) |
| | د | (شێتەکە کوڕەکەی ڕاونایت.) |
| | ی | (شێتەکە کوڕەکەی ڕاونا.) |
| | مان | (شێتەکە کوڕەکەی ڕاونایِن.) |
| | دان | (شێتەکە کوڕەکەی ڕاونان.) |
| | یان | (شێتەکە کوڕەکەی ڕاونان.) |

### ٣-٤/ دەرخـەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ:

جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی دووەم لـە ڕستەدا بەبێ یـاریدەی ئـامرازی خستنەسەر دەبنە دەرخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆی هەموو کاتەکانی کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕی بکەردیارو بکەرنادیاری ئیخباریو ئینشائی، بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| قسەگە وە بـاوگ | م | ئویشم. (قسەکە بە باوکم دەڵێم.) |
| | د | (قسەکە بە باوکت دەڵێم.) |
| | ی | (قسەکە بە باوکی دەڵێم.) |
| | مان | (قسەکە بە باوکمان دەڵێم.) |
| | دان | (قسەکە بە باوکتان دەڵێم.) |
| | یان | (قسەکە بە باوکیان دەڵێم.) |

# بەشی دووەم

## دەرکەوتنی جێناوە لکاوەکان لە داڕشتنی کارەکاندا

### پاری یەکەم:

### دەرکەوتنی جێناوە لکاوەکان لە داڕشتنی کارە تەواوەکاندا


### پاری دووەم:

### دەرکەوتنی جێناوە لکاوەکان لە داڕشتنی کارە ناتەواوەکاندا

## پاری یەکەم// دەرکەوتنی جێناوە لکاوەکان لـە داڕشتنی کارە تەواوەکاندا :

### سەرەتا :

سادەترین فرێزی کاری لـە زمـانی کـوردیدا لـە ڕەگی کار (ڕابردوو و ڕانەبردوو)و جێناوێکی لکاو پێکدێت[1]. جێناوە لکاوەکان بەشداری لـە داڕشتنی کارەکاندا دەکەن‌و ئەرکی دەربڕینی ڕێککەوتن لـە نێوان بکەرو کاردا دەبینن[2].




بە هۆی ڕەگی کارەوەو بەیاریدەی جێناوە لکاوە کەسییەکان‌و مۆرفیمی کات‌و ئەسپێکت کە بۆ داڕشتنی جۆرە جیاوازەکانی کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو بەکاردێن، هەموو جۆرەکانی کارێك دادەڕێژرێ. لێرەدا باس لە (ڕێژەو کات)و (جۆر)و (ڕۆنان)ی کار دەکەین‌و شوێنی جێناوە لکاوەکان لە داڕشتنی هەریەکە لەو جۆرانەی کاردا دەستنیشاندەکەین:

یەکەم/ ڕێژەو کات (تاف)ی کار:

١- ڕێژەی ئیخباری:

ا- کاتی ڕابردوو : ١- کاری ڕابردووی ئیخباری سادە.

٢- کاری ڕابردووی ئیخباری بەردەوام.

٣- کاری ڕابردووی ئیخباری نزیك (تەواو).

٤- کاری ڕابردووی ئیخباری دوور.

ب- کاتی ڕانەبردووی ئیخباری.

٢- ڕێژەی ئینشائی:

ا- کاتی ڕابردوو : ١- کاری ڕابردووی ئینشائی بەردەوام.

---

(١) وریا عومەر ئەمین، بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی، ل (١٨٥).

(٢) لە بەشی چوارەمدا باسی ڕێککەوتن لە شێوەزاری خانەقیدا دەکەین.

٢- كاری ڕابردووی ئینشائی دوور.

ب- کاتی ڕانەبردووی ئینشائی (ئیلزامی).

٣- ڕێژەی فەرمان.

دووەم/ جۆری کار:

١- تێپەڕ.

٢- تێنەپەڕ.

سێیەم/ ڕۆنان (داڕشتن ، فۆرم)ی کار[١]:

١- ئاڵۆز : ا- بنەڕەتی.

ب- داڕێژراو.

٢- لێکدراو.

جێناوە لکاوەکان لە شێوەزاری خانەقیدا بەشداری لە داڕشتنی جۆرێك یان زیاتر لە جۆرەکانی کاردا دەکەن، بەم شێوەیە:

**یەکەم/ کاری ڕابردووی ئیخباری بکەردیاری سادە[٢] :**

لە ڕەگی ڕابردوو و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم پێکدێت. (بڕوانە یاسای ژمارە-١-)

| | | |
|---|---|---|
| **کاری ڕابردووی ئیخباری بکەردیاری سادە** | ⟵ | **ڕەگی ڕابردوو + م - یمن / ی/یت/ید - ن / Ø - ن** |

**یاسای ژمارە - ١ -**

(١) لە بەشی سێیەمی پاری یەکەمدا بەپێی ئەم دابەشکردنە لە جوڵەی جێناوە لکاوەکان لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا ئەدوێین، چونکە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوەزارە ئەوەیە، بەپێی گۆڕینی ڕۆنانی کارەکە جێناوە لکاوەکان جێگۆڕکێ دەکەن، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم دابەشکردنە، بڕوانە: [محەممەد عومەر عەول، دابەشبوونی کرداری لێکدراو .. ، ل (٢٥)].

(٢) عەبدول موحسن بەنی وەیس تەنیا باسی کاری ڕابردوو و جۆرەکانی (سادە، نیزیك، دوور، بەردەوامی) دەکات، بۆ هەریەکەیان شەش نموونەی بە شێوەی سۆرانیو گەرمەسێر هێناوەتەوە، بەبێ ئەوەی یاسای چۆنێتی داڕشتنی کارەکانو دەرکەوتنی جێناوە لکاوەکان لە ناو کارەکاندا دەستنیشانبکات. بڕوانە: [عبدالمحسن بنی ویس، بەراووردکردنێکی نێوان زاری کرمانجی خواروو و زاری گەرمەسێر، ل (٩١-٩٢)].

بۆ نموونە لە چاوگی (هاوردن = هێنان) بەم شێوەیەی خوارەوە کاری ڕابردووی ئیخباری بکەردیاری سادە بۆ هەموو کەسەکان دادەڕێژرێ:

| | |
|---|---|
| هاوردم. | (هێنام.) |
| هاوردید. | (هێنات.) |
| هاوردØ. | (هێنای.) |
| هاوردیمن. | (هێنامان.) |
| هاوردن. | (هێناتان.) |
| هاوردن. | (هێنایان.) |

## دووەم/ کاری ڕابردووی ئیخباری بکەردیاری بەردەوام[1] :

لە ڕەگی ڕابردوو و مۆرفیمی (یا) کە نیشانەی کاری ڕابردووی ئیخباری بەردەوامەو جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم پێکدێت. (بڕوانە یاسای ژمارە -٢-)

| | | | |
|---|---|---|---|
| کاری ڕابردووی<br>ئیخباری بکەردیاری<br>بەردەوام | ← ڕەگی ڕابردوو + | نیشانەی کاری<br>ڕابردووی ئیخباری +<br>بەردەوام (یا) | م - یمن<br>ی/یت/ید - ن<br>Ø - ن |

یاسای ژمارە - ٢ -

---

(١) عەبدول موحسن بەنی وەیس پێی وایە، کە کاری ڕابردووی ئیخباری بەردەوام لە شێوەی گەرمەسێر (خانەقیو مەندەلی)دا بەدی ناکرێتو ئەم کاتەش بە هۆی پێشگری (پەسا) یان (وەپەسا) لەگەڵ کاری ڕابردووی سادەدا دروستدەبێت ((پەسا + ڕابردووی سادە = ڕابردووی بەردەوامی (هەمیشەیی) ))و ئەم نموونانەی بۆ هێناوەتەوە :

| سۆرانی | گەرمەسێر |
|---|---|
| من دەکەوتم | من پەسا کەفتم |
| تۆ دەکەوتی | ت پەسا کەفتی |
| ئەو دەکەوت | ئەو پەسا کەفت |
| ئێمە دەکەوتین | ئیمە پەسا کەفتیم |
| ئێوە دەکەوتن | ئیوە پەسا کەفتین |
| ئەوان دەکەوتن | ئەوان پەسا کەفتن |

بڕوانە: [سەرچاوەی پێشوو، ل (٩٢)].

بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| هاوردیام. | (دەمهێنا.) |
| هاوردیاید. | (دەتهێنا.) |
| هاوردیاØ. | (دەیهێنا.) |
| هاوردیایمن. | (دەمانهێنا.) |
| هاوردیان. | (دەتانهێنا.) |
| هاوردیان. | (دەیانهێنا.) |

**سێیەم/ کاری ڕابردووی ئیخباری بکەردیاری نزیك:**

لە ڕەگی ڕابردوو و مۆرفیمی (یـ) کە نیشانەی کاری ڕابردووی ئیخباری نزیکەو جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەمو مۆرفیمی (ە/س) پێکدێت. (بڕوانە یاسای ژمارە -٣-)

| | | | |
|---|---|---|---|
| **کاری ڕابردووی** | | **نیشانەی کاری** | **م - یمن** |
| **ئیخباری بکەردیاری ⟵** | **ڕەگی رابردوو + ڕابردووی ئیخباری** | **+ ی/یت/ید - ن + ە/س** | |
| **نزیـــك** | | **نزیك (یـ)** | **Ø - ن** |

**یاسای ژمارە - ٣ -**

ئەگەر نیشانەی کاتی ڕابردوو[1] (د ، ت ، ی ، ن) بوو، ئەوا نیشانەی کاری ڕابردووی ئیخباری نزیك (یـ) لە هەموو کەسەکاندا دەرناکەوێت، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا لەگەڵ مۆرفیمی (ە)دا دەردەکەوێت، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| هاوردمە. | (هێناومە.) |
| هاوردیدە. | (هێناوتە.) |
| هاوردیە. | (هێناویەتی.) |
| هاوردیمنە. | (هێناومانە.) |
| هاوردنە. | (هێناوتانە.) |
| هاوردنە. | (هێناویانە.) |

(١) لە شێوەزاری خانەقیدا پێنج جۆر چاوگ هەیە، کە ئەمانەن (ئەلفی، یائی، دالی، تائی، نونی)، ڕەگی ڕابردوو و ڕانەبردوو بە هۆی یاساوە لەم چاوگانەوە وەردەگیرێن.

بەڵام نیشانەی کاتی ڕابردوو (ئەلفی) بوو، ئەوا نیشانەی کاری ڕابردووی ئیخباری نزیك (یـ) لە هەموو کەسەکاندا دەرناکەوێت، تەنیا مۆرفیمی (ە) دەردەکەوێت، بەڵام ئەم مۆرفیمەش لە کەسی سێیەمی تاکدا شێوەکەی دەگۆڕێتو دەبێتە (س)، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| نویسامە. | (نووسیومە.) |
| نویسایدە. | (نووسیوتە.) |
| نویساس. | (نووسیویەتی.) |
| نویسایمنە. | (نووسیومانە.) |
| نویسانە. | (نووسیوتانە.) |
| نویسانە. | (نووسیویانە.) |

## چوارەم/ کاری ڕابردووی ئیخباری بکەردیاری دوور[1] :

لە ڕەگی ڕابردوو و مۆرفیمی (بی)[2] کە نیشانەی کاری ڕابردووی ئیخباری دوورەو جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم پێکدێت. (بڕوانە یاسای ژمارە -٤-)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کاری ڕابردووی ئیخباری بکەردیاری دوور | ⟵ | ڕەگی ڕابردوو + | نیشانەی کاری ڕابردووی ئیخباری دوور (بی) | + ی/یت/ید - ن م - یمن Ø - ن |

یاسای ژمارە - ٤ -

(١) عەبدول موحسن بەنی وەیس پێی وایە، کە نیشانەی کاری ڕابردووی ئیخباری دوور لە شێوەی گەرمەسێر (خانەقیو مەندەلی)دا بە(بوی) یان (بی) گۆدەکرێت وەکو (خواردبیم، کردبیم) ، بەڵام چەند هۆزێك وەکو ئەرکەوازیو قەرەوڵس دەڵێن (خواردویم، کردویم). ئێمەش پێمان وایە، کە نیشانەی کاری ڕابردووی دووری ئیخباری لە شێوەزاری خانەقیدا مۆرفیمی (بی)یە، بەڵام لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا دەنگی /ب/ دەگۆڕن بۆ دەنگی /و/، ئەمەش پەیوەندی بە لایەنی فۆنۆلۆجی زارەکەوە هەیە. بڕوانە: [عبدالمحسن بنی ویس، بەراووردکردنێکی نێوان زاری کرمانجی خواروو و زاری گەرمەسێر، ل (٩٢)].

(٢) لێرەدا مۆرفیمی (بی) وەکو نیشانەی کاری ڕابردووی دووری ئیخباری بەکارهاتوەو چۆتە سەر ڕەگی کاری ڕابردوو، بۆیە دەنگی /ب/ وەکو دەنگی /و/ گۆدەکرێت، بەڵام مۆرفیمی (بی) وەکو ڕەگی کاری ڕابردوو لە چاوگی (بین) وەربگیرێت، ئەوا دەنگی /ب/ وەك خۆی گۆدەکرێت، بۆ نموونە (من بیم).

بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| هاوردویم. | (هێنابووم.) |
| هاوردوید. | (هێنابووت.) |
| هاوردوی. | (هێنابووی.) |
| هاوردویمن. | (هێنابوومان.) |
| هاوردوین. | (هێنابووتان.) |
| هاوردوین. | (هێنابوویان.) |

## پێنجەم/ کاری ڕابردووی ئینشائی بکەردیاری بەردەوام:

لـە مـۆرفیمی (بـ)و ڕەگـی ڕابردوو و مۆرفیمی (ا)و مۆرفیمی (تـا) کە نیشانەی کـاری ڕابردووی ئینشائی بـەردەوامن‌و جێناوە لکاوەکانی دەسـتەی یـەکەم پێکدێت. (بـڕوانە یاسای ژمارە -٥-)

| کاری ڕابردووی ئینشائی بکەردیاری بـەردەوام | ⟵ | بـ + ڕەگی ڕابردوو + ا + تا + | م - یمن<br>ی/یت/ید - ن<br>Ø - ن |
|---|---|---|---|

**یاسای ژمارە - ٥ -**

بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| خوەزگە بهاوردام/بهاورداتام. | (خۆزگە بمهێنایە/ بمهێنابایە.) |
| خوەزگە بهاوردايد/بهاورداتايد. | (خۆزگە بتهێنایە/ بتهێنابایە.) |
| خوەزگە بهاوردا‌Ø/بهاورداتا‌Ø. | (خۆزگە بیهێنایە/ بیهێنابایە.) |
| خوەزگە بهاوردايمن/بهاورداتايمن. | (خۆزگە بمانهێنایە/ بمانهێنابایە.) |
| خوەزگە بهاوردان/بهاورداتان. | (خۆزگە بتانهێنایە/ بتانهێنابایە.) |
| خوەزگە بهاوردان/بهاورداتان. | (خۆزگە بیانهێنایە/ بیانهێنابایە.) |

## شەشەم/ کاری ڕابردووی ئینشائی بکەردیاری دوور:

لە ڕەگی ڕابردوو و مۆرفیمی (بی)و مۆرفیمی (ا) کە نیشانەی کاری ڕابردووی ئینشائی دوورن‌و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم پێکدێت. (بڕوانە یاسای ژمارە -٦-)

| | |
|---|---|
| **کاری ڕابردووی** | **م - یمن** |
| **ئینشائی بکەردیاری ⟵ ڕەگی ڕابردوو + بی + ا + ی/یت/ید - ن** | |
| **دوور** | **Ø - ن** |
| **یاسای ژمارە - ٦ -** | |

بۆ نموونە:

خوەزگە هاوردویام. (خۆزگە هێنابوومایە.)

خوەزگە هاوردویاید. (خۆزگە هێنابووتایە.)

خوەزگە هاوردویاØ. (خۆزگە هێنابوویایە.)

خوەزگە هاوردویایمن. (خۆزگە هێنابوومانایە.)

خوەزگە هاوردویان. (خۆزگە هێنابووتانایە.)

خوەزگە هاوردویان. (خۆزگە هێنابوویانایە.)

## حەوتەم/ کاری ڕانەبردووی ئیخباری بکەردیار:

لە ڕەگی ڕانەبردوو و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم پێکدێت[(١)]. (بڕوانە یاسای ژمارە -٧-)

| | |
|---|---|
| | **م - یمن** |
| **کاری ڕانەبردووی ⟵ ڕەگی ڕانەبردوو** | **+ ی/یت/ید - ن** |
| **ئیخباری بکەردیار** | **د - ن** |
| **یاسای ژمارە - ٧ -** | |

بۆ نموونە:

کتاوەگە تێرم. (کتێبەکە دەهێنم.)

کتاوەگە تێرید. (کتێبەکە دەهێنیت.)

کتاوەگە تێرد. (کتێبەکە دەهێنێت.)

کتاوەگە تێریمن. (کتێبەکە دەهێنین.)

کتاوەگە تێرن. (کتێبەکە دەهێنن.)

کتاوەگە تێرن. (کتێبەکە دەهێنن.)

---

(١) لەم شێوەزارەدا ئەسپێکتی کاری رانەبردوو دەرناکەوێت.

## هەشتەم/ کاری ڕانەبردووی ئیلزامی:

لە نیشانەی کاری ڕانەبردووی ئیلزامی (بـ)و ڕەگی ڕانەبردوو و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم پێکدێت. (بڕوانە یاسای ژمارە -٨-)

| | | |
|---|---|---|
| | نیشانەی کاری | م - یمن |
| کاری ڕانەبردووی ئیلزامی ⟵ | ڕانەبردووی ئیلزامی + ڕەگی ڕانەبردوو + ی/یت/ید - ن | |
| | بـ | د - ن |

**یاسای ژمارە - ٨ -**

بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| بایەد کتاوەگە بارم[1]. | (پێویستە کتێبەکە بهێنم.) |
| بایەد کتاوەگە بارید. | (پێویستە کتێبەکە بهێنیت.) |
| بایەد کتاوەگە بارد. | (پێویستە کتێبەکە بهێنێت.) |
| بایەد کتاوەگە باریمن. | (پێویستە کتێبەکە بهێنین.) |
| بایەد کتاوەگە بارن. | (پێویستە کتێبەکە بهێنن.) |
| بایەد کتاوەگە بارن. | (پێویستە کتێبەکە بهێنن.) |

## نۆیەم/ کاری فەرمان:

لە مۆرفیمی (بـ)و ڕەگی ڕانەبردوو و جێناوێکی لکاو پێکدێت، ئەو جێناوە لکاوانەی کە لە داڕشتنی کاری فەرماندا بەکاردێن، بریتین لە (Ø) بۆ کەسی دووەمی تاكو (ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ. (بڕوانە یاسای ژمارە -٩-)

کاری فەرمان ⟵ مۆرفیمی (بـ) + ڕەگی ڕانەبردوو + جێناوی لکاو (Ø ، ن)

**یاسای ژمارە - ٩ -**

(١) مۆرفیمی (بـ) دەچێتە پێش ڕەگی کاری ڕانەبردووی چاوگی (هاوردن) کە مۆرفیمی (تێر)ە، ئەوا بەپێی یاسای فۆنۆلۆجیی زارەکە دەنگی /ت/ تێدەچێت‌و دەنگی /ێ/ دەگۆڕێت بۆ دەنگی /ا/ دەبێتە (بار).

بۆ نموونە لە چاوگی (خوەنستن = خوێندن) بەم شێوەیەی خوارەوە کاری فەرمان بۆ کەسی دووەمی تاكو کۆ دادەڕێژرێ:

| | |
|---|---|
| دەرسەگە بخوەنØ. | (وانەکە بخوێنە.) |
| دەرسەگە بخوەنن. | (وانەکە بخوێنن.) |

## دەیەم/ کاری ڕابردووی ئیخباری بکەرنادیاری سادە:

لە ڕەگی ڕانەبردوو و نیشانەی نادیاری (ری)و نیشانەی کاتی ڕابردوو (ا)و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم پێکدێت. (بڕوانە یاسای ژمارە -١٠-)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کاری ڕابردووی | | | | م - یمن |
| ئیخباری بکەرنادیاری | ⟵ ڕەگی ڕانەبردوو + | نیشانەی + | نیشانەی کاتی + | ی/یت/ید - ن |
| سادە | | نادیاری | ڕابردوو | Ø - ن |
| | | (ری) | (ا) | |

یاسای ژمارە - ١٠ -

بۆ نموونە لە چاوگی (نویسان = نووسین) بەم شێوەیەی خوارەوە کاری ڕابردووی ئیخباری بکەرنادیاری سادە بۆ هەموو کەسەکان دادەڕێژرێ:

| | |
|---|---|
| نویسریام. | (نووسرام.) |
| نویسریاید. | (نووسرایت.) |
| نویسریا Ø. | (نووسرا.) |
| نویسریایمن. | (نووسراین.) |
| نویسریان. | (نووسران.) |
| نویسریان. | (نووسران.) |

## یازدەیەم/ کاری ڕابردووی ئیخباری بکەرنادیاری بەردەوام:

لە ڕەگی ڕانەبردوو و نیشانەی نادیاری (ری)و نیشانەی کاتی ڕابردوو (ا)و نیشانەی کاری ڕابردووی ئیخباری بەردەوام (یا)[1]و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم پێکدێت. (بڕوانە یاسای ژمارە -١١-)

---

(١) لە کاتی ئاخاوتندا تەنیا یەك (یا) یان گۆدەکرێت.

**کاری ڕابردووی ئیخباری بکەرنادیاری بەردەوام ⟵ ڕەگی ڕانەبردوو + نادیاری (ری) + کاتی ڕابردوو (ا) + جۆری کار (یا) + ی/یت/ید - ن**

نیشانەی نیشانەی نیشانەی م - یمن

Ø - ن

**یاسای ژمارە- ١١ -**

بۆ نموونە :

نویسریایام. (دەنووسرام.)

نویسریایاید. (دەنووسرایت.)

نویسریایا Ø. (دەنووسرا.)

نویسریایمن. (دەنووسراین.)

نویسریایان. (دەنووسران.)

نویسریایان. (دەنووسران.)

**دوازدەیەم/ کاری ڕابردووی ئیخباری بکەرنادیاری نزیك:**

لە ڕەگی ڕانەبردوو و نیشانەی نادیاری (ری)و نیشانەی کاتی ڕابردوو (ا)و نیشانەی کاری ڕابردووی ئیخباری نزیك (یـ)و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەمو مۆرفیمی (ه/س) پێکدێت. (بڕوانە یاسای ژمارە -١٢-)

**کاری ڕابردووی ئیخباری بکەرنادیاری نزیك ⟵ ڕەگی ڕانەبردوو + نادیاری (ری) + کاتی ڕابردوو (ا) + جۆری کار (یـ) + ی/یت/ید - ن + (ه/س)**

نیشانەی نیشانەی نیشانەی م - یمن

Ø - ن

**یاسای ژمارە -١٢-**

بۆ نموونە:

نویسریامە. (نووسراوم.)

نویسریایدە. (نووسراویت.)

نویسریاس. (نووسراوە.)

| | |
|---|---|
| نویسرایایمنە. | (نووسراوین.) |
| نویسریانە. | (نووسراون.) |
| نویسریانە. | (نووسراون.) |

## سیازدەیەم/ کاری ڕابردووی ئیخباری بکەرنادیاری دوور:

لە ڕەگی ڕانەبردوو و نیشانەی نادیاری (ری)و نیشانەی کاتی ڕابردوو (ا)و نیشانەی کاری ڕابردووی ئیخباری دوور (بی)و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم پێکدێت. (بڕوانە یاسای ژمارە -١٣-)

کاری ڕابردووی      نیشانەی   نیشانەی   نیشانەی   نیشانەی    م - یمن
ئیخباری بکەرنادیاری ⟵ ڕەگی ڕانەبردوو + نادیاری + کاتی + جۆری کار + ی/یت/ید - ن
دوور      (ری)   ڕابردوو   (بی)    Ø - ن
(ا)

**یاسای ژمارە -١٣-**

بۆ نموونە :

| | |
|---|---|
| نویسریاویم. | (نووسرابووم.) |
| نویسریاوید. | (نووسرابوویت.) |
| نویسریاوی Ø. | (نووسرابوو.) |
| نویسریاویمن. | (نووسرابووین.) |
| نویسریاوین. | (نووسرابوون.) |
| نویسریاوین. | (نووسرابوون.) |

## چواردەیەم/ کاری ڕابردووی ئینشائی بکەرنادیاری بەردەوام:

لە مۆرفیمی (بـ)و ڕەگی ڕانەبردوو و نیشانەی نادیاری (ری)و نیشانەی کاتی ڕابردوو (ا)و مۆرفیمی (ا)[١] و مۆرفیمی (تا) کە نیشانەی کاری ڕابردووی ئینشائی بەردەوامن‌و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم پێکدێت. (بڕوانە یاسای ژمارە -١٤-)

---

(١) مۆرفیمی (ا) دەرناکەوێت، چونکە دوو بزوێن لە زمانی کوردیدا بە دوای یەکدا نایەن.

| | | |
|---|---|---|
| **کاری ڕابردووی** | **نیشانەی  نیشانەی** | **م - یمن** |
| **ئینشائی بکەرنادیاری ⟵ ب + ڕەگی ڕانەبردوو + نادیاری + کاتی + ا + تا + ی/یت/ید - ن** | | |
| **بەردەوام** | **(ری)  ڕابردوو** | **Ø - ن** |
| | **(ا)** | |
| | **یاسای ژمارە -١٤-** | |

بۆ نموونە:

خوەزگە بنویسریام/ بنویسریاتام. (خۆزگە بنووسرامایە/ بنووسرابامایە.)

خوەزگە بنویسریاید/ بنویسریاتاید. (خۆزگە بنووسرایتایە/ بنووسرابایتایە.)

خوەزگە بنویسریاØ/ بنویسریاتاØ. (خۆزگە بنووسرایە/ بنووسرابایە.)

خوەزگە بنویسریایمن/ بنویسریاتایمن. (خۆزگە بنووسرایِنایە/ بنووسرابایِنایە.)

خوەزگە بنویسریان/ بنویسریاتان. (خۆزگە بنووسرانایە/ بنووسرابانایە.)

خوەزگە بنویسریان/ بنویسریاتان. (خۆزگە بنووسرانایە/ بنووسرابانایە.)

## پازدەیەم/ کاری ڕابردووی ئینشائی بکەرنادیاری دوور:

لە ڕەگی ڕانەبردوو و نیشانەی نادیاری (ری)و نیشانەی کاتی ڕابردوو (ا)و مۆرفیمی (بی)و مۆرفیمی (ا) کە نیشانەی کاری ڕابردووی ئینشائی دوورن‌و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم پێکدێت. (بڕوانە یاسای ژمارە -١٥-)

| | | |
|---|---|---|
| **کاری ڕابردووی** | **نیشانەی  نیشانەی** | **م - یمن** |
| **ئینشائی بکەرنادیاری ⟵ ڕەگی ڕانەبردوو + نادیاری + کاتی + بی + ا + ی/یت/ید - ن** | | |
| **دوور** | **(ری)  ڕابردوو** | **Ø - ن** |
| | **(ا)** | |
| | **یاسای ژمارە - ١٥-** | |

بۆ نموونە:

خوەزگە نویسریاویام. (خۆزگە نووسرابوومایە.)

خوەزگە نویسریاویاید. (خۆزگە نووسرابوویتایە.)

خوەزگە نویسریاویا Ø. (خۆزگە نووسرابووایە.)

| | |
|---|---|
| خوەزگە نویسریاویایمن. | (خۆزگە نووسرابووینایە.) |
| خوەزگە نویسریاویان. | (خۆزگە نووسرابوونایە.) |
| خوەزگە نویسریاویان. | (خۆزگە نووسرابوونایە.) |

## شازدەیەم/ کاری ڕانەبردووی ئیخباری بکەرنادیار:

لە ڕەگی ڕانەبردوو و نیشانەی نادیاری (ری)و نیشانەی کاتی ڕانەبردوو (ە)و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم پێکدێت. (بڕوانە یاسای ژمارە -١٦-)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کاری ڕانەبردووی | | نیشانەی | نیشانەی | م - یمن |
| ئیخباری بکەرنادیار ⟵ | ڕەگی ڕانەبردوو + | نادیاری + | کاتی ڕانەبردوو + | ی/یت/ید - ن |
| | | (ری) | (ە) | د - ن |

**یاسای ژمارە - ١٦-**

بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| نویسریەم. | (دەنووسرێم.) |
| نویسریەید. | (دەنووسرێیت.) |
| نویسریەد. | (دەنووسرێت.) |
| نویسریەیمن. | (دەنووسرێین.) |
| نویسریەن. | (دەنووسرێن.) |
| نویسریەن. | (دەنووسرێن.) |

## حەڤدەیەم/ کاری ڕانەبردووی ئیلزامی بکەرنادیار:

لە مۆرفیمی (بـ)و ڕەگی ڕانەبردوو و نیشانەی نادیاری (ری)و نیشانەی کاتی ڕانەبردوو (ە)و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم پێکدێت. (بڕوانە یاسای ژمارە -١٧-)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کاری ڕانەبردووی | | نیشانەی | نیشانەی | م - یمن |
| ئیلزامی بکەرنادیار ⟵ | بـ + ڕەگی ڕانەبردوو + | نادیاری + | کاتی ڕانەبردوو + | ی/یت/ید - ن |
| | | (ری) | (ە) | د - ن |

**یاسای ژمارە -١٧-**

بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| بایەد بنویسریەم. | (پێویستە بنووسرێم.) |
| بایەد بنویسریەید. | (پێویستە بنووسرێیت.) |
| بایەد بنویسریەد. | (پێویستە بنووسرێت.) |
| بایەد بنویسریەیمن. | (پێویستە بنووسرێین.) |
| بایەد بنویسریەن. | (پێویستە بنووسرێن.) |
| بایەد بنویسریەن. | (پێویستە بنووسرێن.) |

## پاری دووەم// دەرکەوتنی جێناوە لکاوەکان لـە داڕشتنی کارە ناتەواوەکاندا :

### کاری ( بین و داشتن ) :

جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم بەشداری لـە داڕشتنی هەموو کارە تەواوەکاندا دەکەن و هەمیشە بە ڕەگی کارەوە دەلکێن، بەڵام لـە کاری (بین و داشتن)دا هەردوو دەستە جێناوە لکاوەکە بەشداری لـە داڕشتنی جۆرێك لـە بەکارهێنانی کارەدا دەکەن، ئەم کارەش لە ئاخاوتنی شێوەزاری خانەقیدا لـە چوار جۆر بەکارهێنان و بە چوار مەبەستی جیاجیا دەبینرێت[1]:

١- بوونی بوونایەتی (کینونە).

٢- بوونی گۆڕان (صیرورە).

٣- بوونی هەبوون (تملك).

٤- بوونی هەیی (وجود).

### ١- بوونی بوونایەتی ( کینونە ):

ئەم جۆرەی کار وەك کارێکی ناتەواو دەردەکەوێت، پێویستی بە تەواوکەرێك هەیە، کە وەك فرێزێکی ناوی (ناو، ئاوەڵناو، ....) لە پێش کارەکەوە دێت، ئەم کارەش بۆ سێ کاتی جیاواز دادەڕێژرێت:

---

(١) بۆ داڕشتنی کاری (بوون و هەبوون)و جۆرەکانی سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتوە:

ا- شێرکۆ بابان، میکانیزمە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازیی ڕێزمانی بوون و هەبوون.

ب- فەرەیدوون عەبدول محەمەد، کاری ((بیەی = بوون)) لـە زاری هەورامیدا.

## یەکەم/ کاری بوونی بوونایەتی بۆ ڕابردوو:

لـەم شێوەیەی کاردا جگە لـە تەواوکەرو ڕەگی ڕابردووی کاری (بین)و مۆرفیمی کاتی ڕابردوو، جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم بۆ کەسی یەکەمو دووەمو سێیەمی تاكو کۆ بەشداری لە دارشتنی کارەکەدا دەکەن. (بڕوانە یاسای ژمارە -١٨-)

| | | | |
|---|---|---|---|
| کاری بوونی | | | م - یمن |
| بوونایەتی | ⟵ تەواوکەر + ڕەگی ڕابردووی (بین) + م. ڕابردوو + | | ی/یت/ید - ن |
| بۆ ڕابردوو | بـ | یـ | Ø - ن |

**یاسای ژمارە - ١٨ -**

بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| من شاتڕبیم. | (شاتڕ + بـ + یـ + م) | (من زیرەك بووم.) |
| تو شاتڕبید. | (شاتڕ + بـ + یـ + ید) | (تۆ زیرەك بوویت.) |
| ئەو شاتڕبی. | (شاتڕ + بـ + ی + Ø) | (ئەو زیرەك بوو.) |
| ئیمە شاتڕبیمن. | (شاتڕ + بـ + یـ + یمن) | (ئێمە زیرەك بووین.) |
| ئیوە شاتڕبین. | (شاتڕ + بـ + یـ + ن) | (ئێوە زیرەك بوون.) |
| ئەوان شاتڕبین. | (شاتڕ + بـ + یـ + ن) | (ئەوان زیرەك بوون.) |

## دووەم/ کاری بوونی بوونایەتی بۆ ئێستا:

لـەم شێوەیەی کاردا جگە لـە تەواوکەرو ڕەگی ڕانەبردووی کاری (بین)و مۆرفیمی کاتی ئێستا، جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم بۆ کەسی یەکەمو دووەمو سێیەمی تاكو کۆ بەشداری لە دارشتنی کارەکەدا دەکەن. (بڕوانە یاسای ژمارە -١٩-)

| | | | |
|---|---|---|---|
| کاری بوونی | | | م - یمن |
| بوونایەتی | ⟵ تەواوکەر + ڕەگی ڕانەبردووی (بین) + م. ئێستا + | | ی/یت/ید - ن |
| بۆ ئێستا | Ø | (ە/ س) | Ø - ن |

**یاسای ژمارە - ١٩ -**

بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| من شاترم. | (شاتر + Ø + Ø + م) | (من زیرەکم.) |
| تو شاترید. | (شاتر + Ø + Ø + ید) | (تۆ زیرەکیت.) |
| ئەو شاترە. | (شاتر + Ø + ە + Ø) | (ئەو زیرەکە.) |
| ئیمە شاترین. | (شاتر + Ø + Ø + ین) | (ئێمە زیرەکین.) |
| ئیوە شاترن. | (شاتر + Ø + Ø + ن) | (ئێوە زیرەکن.) |
| ئەوان شاترن. | (شاتر + Ø + Ø + ن) | (ئەوان زیرەکن.) |

لەو ڕستانەی سەرەوەدا مۆرفیمی کاتی ئێستا بۆ هەموو کەسەکان دەرناکەوێت، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا دەردەکەوێت، لە کاتێکدا ئەگەر تەواوکەری کارەکە بە دەنگێکی نەبزوێن کۆتایی هاتبوو، ئەوا مۆرفیمی ئێستا لە شێوەی (ە) دەبێت، بەڵام ئەگەر تەواوکەرەکە بە دەنگێکی بزوێن کۆتایی هاتبوو، ئەوا مۆرفیمەکە شێوەی خۆی دەگۆڕێتو بە شێوەی (س) دەردەکەوێت، هەروەها پێویستی بە پیتی (ی)ی ناوبڕ ناکات، وەك:

| | | |
|---|---|---|
| من ئازام. | (ئازا + Ø + Ø + م) | (من ئازام.) |
| تو ئازاید. | (ئازا + Ø + Ø + ید) | (تۆ ئازایت.) |
| ئەو ئازاس. | (ئازا + Ø + س + Ø ) | (ئەو ئازایە.) |
| ئیمە ئازاین. | (ئازا + Ø + Ø + ین) | (ئێمە ئازاین.) |
| ئیوە ئازان. | (ئازا + Ø + Ø + ن) | (ئێوە ئازان.) |
| ئەوان ئازان. | (ئازا + Ø + Ø + ن) | (ئەوان ئازان.) |

## سێیەم/ کاری بوونی بوونایەتی بۆ داهاتوو:

لەم شێوەیەی کاردا جگە لە تەواوکەرو ڕەگی ڕانەبردووی کاری (بین)و مۆرفیمی کاتی داهاتوو، جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم بۆ کەسی یەکەمو دووەمو سێیەمی تاكو کۆ بەشداری لە داڕشتنی کارەکەدا دەکەن. (بڕوانە یاسای ژمارە -٢٠-)

**کاری بوونی** — **م - یمن**

**بوونایەتی ⟵ تەواوکەر + ڕەگی ڕانەبردووی (بین) + م. داهاتوو + ی/یت/ید - ن**

**بۆ داهاتوو** — **بـو** — **Ø** — **د - ن**

**یاسای ژمارە - ٢٠ -**

بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| من شاتڕبوم. | (شاتڕ + بـو + Ø + م) | (من زیرەك دەبم.) |
| تو شاتڕبوید. | (شاتڕ + بو + Ø + ید) | (تۆ زیرەك دەبیت.) |
| ئەو شاتڕبود. | (شاتڕ + بـو + Ø + د ) | (ئەو زیرەك دەبێت.) |
| ئیمە شاتڕبویمن. | (شاتڕ + بـو + Ø + یمن) | (ئێمە زیرەك دەبین.) |
| ئیوە شاتڕبون. | (شاتڕ + بـو + Ø + ن) | (ئێوە زیرەك دەبن.) |
| ئەوان شاتڕبون. | (شاتڕ + بـو + Ø + ن) | (ئەوان زیرەك دەبن.) |

## ٢- بوونی گۆڕان ( صیرورە ):

ئـەم جۆرەی کار لـە ڕووی کاتەوە بۆ کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو و فەرمان دادەڕێژرێتو لە هەموو داڕشتنەکاندا پێویستی بە تەواوکەرێك دەبێت، کە دەکەوێتە پاش کارەکەوە، لێرەدا ڕوونی دەکەینەوە:

### یەکەم/ کاری بوونی گۆڕان بۆ ڕابردوو:

ئـەم شێوەیەی کار لـە ڕەگی ڕابردووی کاری (بین)و مۆرفیمی کاتی ڕابردوو و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم بۆ کەسی یەکەمو دووەمو سێیەمی تاكو کۆ کە بەشداری لە داڕشتنی کارەکەدا دەکەن لەگەڵ پێشبەندی (ە/وە)و تەواوکەرێك کە دەکەوێتە کۆتایی کارەکەوە پێکدێت.

(بڕوانە یاسای ژمارە -٢١-)

**کاری بوونی**      **م - یمن**
**گۆڕان ⟵ ڕەگی ڕابردووی (بین) + م. ڕابردوو + ی/یت/ید - ن + (ە/ وە) + تەواوکەر**
**بۆ ڕابردوو**      **بـ**      **یـ**      **Ø - ن**

**یاسای ژمارە - ٢١ -**

بۆ نموونە:

من بیمە/بیم وە موهەندز. (بـ + یـ + م + ە/وە +مهندز) (من بوومە/بووم بە ئەندازیار.)
تو بیدە/بید وە موهەندز. (بـ + یـ + ید + ە/وە +مهندز) (تۆ بوویتە/بوویت بە ئەندازیار.)
ئەو بییە/بی وە موهەندز. (بـ + ی + Ø + یـ + ە/وە +مهندز) (ئەو بووە/بوو بە ئەندازیار.)
ئیمە بیمنە/بیمن وە موهەندز.(بـ + یـ + یمن + ە/وە +مهندز) (ئێمە بووینە/بووین بە ئەندازیار.)
ئیوە بینە/بین وە موهەندز. (بـ + یـ + ن + ە/وە +مهندز) (ئێوە بوونە/بوون بە ئەندازیار.)
ئەوان بینە/بین وە موهەندز. (بـ + یـ + ن + ە/وە +مهندز) (ئەوان بوونە/بوون بە ئەندازیار.)

## دووەم/ کاری بوونی گۆڕان بۆ ڕانەبردوو:

ئـەم شێوەیەی کار لـە ڕەگی ڕانەبردووی کاری (بین)و مۆرفیمی کاتی ڕانەبردوو و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم بۆ کەسی یەکەمو دووەمو سێیەمی تاكو کۆ کە بەشداری لە داڕشتنی کارەکەدا دەکەن لەگەڵ پێشبەندی (ە/وە)و تەواوکەرێك کە دەکەوێتە کۆتایی کارەکەوە پێکدێت.

(بڕوانە یاسای ژمارە -٢٢-)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **کاری بوونی** | | | | **م - یمن** |
| **گۆڕان** ⟵ **ڕەگی ڕانەبردووی (بین) + م. ڕانەبردوو + ی/یت/ید - ن + (ە/وە)+ تەواوکەر** | | | | |
| **بۆ ڕانەبردوو** | **بـو** | **Ø** | | **Ø - ن** |
| | | **یاسای ژمارە - ٢٢ -** | | |

بۆ نموونە:

من بومە/بوم وە موهەندز. (بـو+ Ø + م + ە/وە +مهندز) (من دەبمە/دەبم بە ئەندازیار.)

تو بویدە/بوید وە موهەندز. (بـو+ Ø + ید + ە/وە +مهندز) (تۆ دەبیتە/دەبیت بە ئەندازیار.)

ئەو بودە/بود وە موهەندز. (بـو+ Ø + د + ە/وە +مهندز) (ئەو دەبێتە/دەبێت بە ئەندازیار.)

ئیمە بویمنە/بویمن وەموهەندز.(بـو+ Ø + یمن+ ە/وە +مهندز) (ئێمە دەبینە/دەبین بە ئەندازیار.)

ئیوە بونە/بون وە موهەندز. (بـو+ Ø + ن + ە/وە +مهندز) (ئێوە دەبنە/دەبن بە ئەندازیار.)

ئەوان بونە/بون وە موهەندز. (بـو+ Ø + ن + ە/وە +مهندز) (ئەوان دەبنە/دەبن بە ئەندازیار.)

## سێیەم/ کاری بوونی گۆڕان بۆ فەرمان[1] :

ئـەم شێوەیەی کار لـە مۆرفیمی کاری فەرمانو ڕەگی ڕانەبردووی کاری (بین)و جێناوی لکاوی (Ø) بۆ کەسی دووەمی تاكو (ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ لەگەڵ پێشبەندی (ە/وە)و تەواوکەرێك پێکدێت. (بڕوانە یاسای ژمارە -٢٣-)

---

(١) لـە داڕشتنی کاری فەرمان لـە شێوەزاری خانەقیدا کاتێ مۆرفیمی کاری فەرمان (بـ) دەچێتە پێش ڕەگی ڕانەبردووی کاری (بین، بردن .. تاد)، لەم حاڵەتەدا بە یەك بڕگە گۆدەکرێت، بۆیە دوو دەنگی نەبزوێنی وەکو دەنگی (ب) لە سەرەتای یەك بڕگەی (CCV)دا پێکەوەنایەن، ئەمەش بەپێی یاسای فۆنۆلۆجیی زمانی کوردی پێویستە لە بڕگەی (CCV)دا دەنگی دووەم دەنگی نەبزوێنی (و ، ی) بێت، بۆیە بەپێی یاسای (دەنگگۆڕکێ) دەنگی (ب) دەگۆڕێت بە دەنگی (و). وەك:

کاری (بین) : تو بوو وە جفتیار. (ب + بو) (تۆ ببە بە جوتیار.)

کاری (بردن) : تو پارەگە بوە . (ب + بە) (تۆ پارەکە ببە.)

**کاری بوونی**

**گۆڕان ⟵ م. فەرمان + ڕەگی ڕانەبردووی (بین) + (Ø ، ن) + (ە/ وە) + تەواوکەر**

**بۆ فەرمان     بـ     بـو**

**یاسای ژمارە - ٢٣ -**

بۆ نموونە:

تو بووە/بوو وە موهەندز.     (ب + بـو + Ø + ە/وە + موهەندز)  (تۆ ببە/ببە بە ئەندازیار.)

ئیوە بوونە/بوون وە موهەندز. (ب + بـو + ن + ە/وە + موهەندز)  (ئێوە ببنە/ببن بە ئەندازیار.)

**٣- <u>بوونی هەبوون</u> ( <u>تملك</u> ):**

ئـەم جۆرە بەکارهێنانەی کاری (بین) بە مەبەستی خاوەنێتی بۆ سێ کاتی جیاواز بۆ ڕابردوو و ڕانەبردووی ئێستاو داهاتوو دادەڕێژرێت، لە هەموو داڕشتنەکاندا پێویستی بە تەواوکەرێك دەبێت، کە دەکەوێتە پێش کارەکەوە، جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم بەشداری لە داڕشتنی کاری ڕابردوو و داهاتوودا دەکەن، بەڵام جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم بەشداری لە داڕشتنی کاری ئێستادا دەکەن، وەك لە خوارەوەدا ڕوونی دەکەینەوە:

**<u>یەکەم/ کاری بوونی هەبوون بۆ ڕابردوو:</u>**

ئـەم کارە بە هۆی تەواوکەرو ڕەگی ڕابردووی کاری (داشتن)و مۆرفیمی کاتی ڕابردوو و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاك و کۆ دادەڕێژرێت.

**(بڕوانە یاسای ژمارە -٢٤-)**

**کاری بوونی     م - یمن**

**هەبوون ⟵ تەواوکەر + ڕەگی ڕابردووی (داشتن) + م. ڕابردوو + ی/یت/ید - ن**

**بۆ ڕابردوو     داش     تـ     Ø - ن**

**یاسای ژمارە - ٢٤ -**

بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| من خانی داشتم. | (خانی + داش + ت + م) | (من خانووم هەبوو.) |
| تو خانی داشتید. | (خانی + داش + ت + ید) | (تۆ خانووت هەبوو.) |
| ئەو خانی داشت. | (خانی + داش + ت + Ø) | (ئەو خانووی هەبوو.) |
| ئیمە خانی داشتیمن. | (خانی + داش + ت + یمن) | (ئێمە خانوومان هەبوو.) |

ئیوه خانی داشتن. (خانی + داش + ت + ن) (ئێوه خانووتان هەبوو.)
ئەوان خانی داشتن. (خانی + داش + ت + ن) (ئەوان خانوویان هەبوو.)

## دووەم/ کاری بوونی هەبوون بۆ داهاتوو:

ئـەم کاره به هۆی تەواوکەرو ڕەگی ڕانەبردووی کاری (داشتن)و مۆرفیمی کاتی داهاتوو و جێناوه لکاوەکانی دەستەی یەکەم بۆ کەسی یەکەم‌و دووەم‌و سێیەمی تاک‌و کۆ دادەڕێژرێت.

(بڕوانه یاسای ژماره -٢٥-)

| | | | |
|---|---|---|---|
| کاری بوونی | | | م - یمن |
| هەبوون ⟵ | تەواوکەر + ڕەگی ڕانەبردووی (داشتن) + م. داهاتوو + | | ی/یت/ید - ن |
| بۆ داهاتوو | دیر | Ø | د - ن |

**یاسای ژماره - ٢٥ -**

بۆ نموونه:

من خانی دیرم. (خانی + دیر + Ø + م) (من خانووم دەبێت.)
تو خانی دیرید. (خانی + دیر + Ø + ید) (تۆ خانووت دەبێت.)
ئەو خانی دیرد. (خانی + دیر + Ø + د) (ئەو خانووی دەبێت.)
ئیمه خانی دیریمن. (خانی + دیر + Ø + یمن) (ئێمه خانوومان دەبێت.)
ئیوه خانی دیرن. (خانی + دیر + Ø + ن) (ئێوه خانووتان دەبێت.)
ئەوان خانی دیرن. (خانی + دیر + Ø + ن) (ئەوان خانوویان دەبێت.)

## سێیەم/ کاری بوونی هەبوون بۆ ئێستا:

ئـەم کاره به هۆی تەواوکەرو مۆرفیمی خاوەنداری (هە)و ڕەگی ڕانەبردووی کاری (داشتن)و مۆرفیمی کاتی ئێستاو جێناوه لکاوەکانی دەستەی دووەم بۆ کەسی یەکەم‌و دووەم‌و سێیەمی تاک‌و کۆ دادەڕێژرێت. (بڕوانه یاسای ژماره -٢٦-)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کاری بوونی | | | | | م - مان |
| هەبوون ⟵ | تەواوکەر + م.خاوەندار + ڕەگی ڕانەبردووی (داشتن) + م. ئێستا + | | | | ت - تان |
| بۆ ئێستا | هە | Ø | س | | ی - یان |

**یاسای ژماره - ٢٦ -**

بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| من خانی هەسم. | (خانی + هە + Ø + س + م) | (من خانووم هەیە.) |
| تو خانی هەست. | (خانی + هە + Ø + س + ت) | (تۆ خانووت هەیە.) |
| ئەو خانی هەسی. | (خانی + هە + Ø + س + ی) | (ئەو خانووی هەیە.) |
| ئیمە خانی هەسمان. | (خانی + هە + Ø + س + مان) | (ئێمە خانوومان هەیە.) |
| ئیوە خانی هەستان. | (خانی + هە + Ø + س + تان) | (ئێوە خانووتان هەیە.) |
| ئەوان خانی هەسیان. | (خانی + هە + Ø + س + یان) | (ئەوان خانوویان هەیە.) |

**٤- بوونی هەیی ( وجود ):**

ئـەم جۆرەی کار پێویستی بە تەواوکەر نییە، تەنیا ڕەگی کارەکەو مۆرفیمی کاتو جێناوێکی لکاو دارِشتنی کارەکە پێکدەهێنن، وەك لە خوارەوەدا باسی دەکەین:

**یەکەم/ کاری بوونی هەیی بۆ ئێستا :**

ئـەم کارە بە هۆی مۆرفیمی خاوەنداری (هە)و ڕەگی ڕانەبردووی کاری (بین)و مۆرفیمی کاتی ئێستاو جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم بۆ کەسی یەکەمو دووەمو سێیەمی تاكو کۆ دادەڕێژرێت. (بڕوانە یاسای ژمارە -٢٧-)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **کاری بوونی** | | | | | **م - یمن** |
| **هەیی** | ⟵ **م. خاوەندار** | **+ ڕەگی ڕانەبردووی (بین)** | **+ م. ئێستا** | **+ ی/یت/ید - ن** | |
| **بۆ ئێستا** | **هە** | **Ø** | **س** | **Ø - ن** | |

**یاسای ژمارە - ٢٧ -**

بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| من هەم. | (هە + Ø + Ø + م) | (من هەم.) |
| تو هەید. | (هە + Ø + Ø + ید) | (تۆ هەیت.) |
| ئەو هەس. | (هە + Ø + س + Ø ) | (ئەو هەیە.) |
| ئیمە هەیمن. | (هە + Ø + Ø + ین) | (ئێمە هەین.) |
| ئیوە هەن. | (هە + Ø + Ø + ن) | (ئێوە هەن.) |
| ئەوان هەن. | (هە + Ø + Ø + ن) | (ئەوان هەن.) |

**دووەم/ کاری بوونی هەیی بۆ ڕابردوو:**

ئـەم کارە بە هۆی ڕەگی ڕابردووی کاری (بین)و مۆرفیمی کاتی ڕابردوو و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم بۆ کەسی یـەکـەمو دووەمو سێیەمی تـاکو کۆ دادەڕێژرێت.

(بڕوانە یـاسـای ژمارە -٢٨-)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کاری بوونی | | | | م - یمن |
| هەیی | ⟵ | ڕەگی ڕابردووی (بین) + | م. ڕابردوو + | ی/یت/ید - ن |
| بۆ ڕابردوو | | بـ | یـ | Ø - ن |

**یاسای ژمارە - ٢٨ -**

بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| من بیم. | ( بـ + یـ + م) | (من بووم.) |
| تو بید. | (بـ + یـ + ید) | (تۆ بوویت.) |
| ئەو بی. | (بـ + ی + Ø ) | (ئەو بوو.) |
| ئیمە بیمن. | (بـ + یـ + یمن) | (ئێمە بووین.) |
| ئیوە بین. | (بـ + یـ + ن) | (ئێوە بوون.) |
| ئەوان بین. | (بـ + یـ + ن) | (ئەوان بوون.) |

**سێیەم/ کاری بوونی هەیی بۆ داهاتوو:**

ئـەم کارە بە هۆی ڕەگی ڕانەبردووی کاری (بین)و مۆرفیمی کاتی داهاتوو و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم بۆ کەسی یـەکـەمو دووەمو سێیەمی تـاکو کۆ دادەڕێژرێت.

(بڕوانە یاسای ژمارە -٢٩-)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کاری بوونی | | | | م - یمن |
| هەیی | ⟵ | ڕەگی ڕانەبردووی (بین) + | م. داهاتوو + | ی/یت/ید - ن |
| بۆ داهاتوو | | بو | Ø | د - ن |

**یاسای ژمارە - ٢٩ -**

بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| من بوم. | (بـو + Ø + م) | (من دەبم.) |
| تو بويد. | (بـو + Ø + يد) | (تۆ دەبيت.) |
| ئەو بود. | (بـو + Ø + د ) | (ئەو دەبێت.) |
| ئيمە بويمن. | (بـو + Ø + ين) | (ئێمە دەبين.) |
| ئيوە بون. | (بـو + Ø + ن) | (ئێوە دەبن.) |
| ئەوان بون. | (بـو + Ø + ن) | (ئەوان دەبن.) |

# بەشی سێیەم

## جێگۆڕکێ و ئەرکگۆڕکێی جێناوە لکاوەکان

### پاری یەکەم:

### جولەی جێناوی لکاو


### پاری دووەم:


### گۆڕانی جێناوی لکاو


### لە ڕستەی بکەرنادیاردا

## پاری یەکەم// جوڵەی جێناوی لکاو:

ئەگەر سەرنجی ئەم ڕستانەی لای خوارەوە بدەین، لە بکەرو بەرکارو کار پێکهاتون، دەتوانین بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ لە هەر سێ ڕستەکەدا بە جێناوی کەسیی لکاو واتە (نووسەك) جێگیربکەین‌و لە قاڵبی وشەیەکدا (ڕستەی کورتکراوە) دایبڕێژین:






**دەبینین:**

**ڕستەی یەکەم - ڕۆنانی کارەکەی بنەڕەتییه[1].**

**ڕستەی دووەم - ڕۆنانی کارەکەی داڕێژراوه[2].**

**ڕستەی سێیەم - ڕۆنانی کارەکەی لێکدراوه[3].**

**بەپێی گۆڕینی ڕۆنانی کارەکە واتە لە کاری بنەڕەتییەوە بۆ کاری داڕێژراو یان لێکدراو کلیتیکی بەرکاری جێگۆرکێ دەکات، بەڵام ئەرکی ناگۆڕێت، چونکە هەر دەستە جێناوێك كۆمەڵێك ئەرکی تایبەتی خۆی هەیه، بەم شێوەیه:**


---

(١) **کرداری بنەڕەتی:** ئەو کردارەیه، جگە لە ڕەگی کردار ئەو مۆرفیمانەی بەشداری پێکهاتنی دەکەن، هەموویان لاگری گەردانکردنن. ئەم پێناسەیەم لە (محەمەد عومەر عەول) وەرگرتوه، بڕوانە: [محەمەد عومەر عەول، دابەشبوونی کرداری لێکدراو.. ، ل (٢٦)].

(٢) **کرداری داڕێژراو:** ئەو کردارەیه لە ڕووی فۆرمەوە لە کردارێکی بنەڕەتیو لاگرێکی داڕشتن (یان زیاتر) دروستبووه، کە پێکەوە کردارێکی تازە بە واتایەکی نوێ سازدەکەن. بڕوانە: [سەرچاوەی پێشوو، ل (٣٣)].

(٣) **کرداری لێکدراو:** ئەو کردارەیه لە لێکدانی دوو بناغە سازدەبێتو لە ڕووی ڕستەسازیو واتاسازییەوە وەك وشەیەکی نوێ ڕەفتاردەکات، یەکێك لەم دوو بناغەیە هەمیشە کردارەو لە شێوەی بنەڕەتی، یان داڕێژراو، یان لێکدراودایەو ئەوی تریشیان بریتییە لە دانەیەکی فەرهەنگی وەك: (ناو/ ئاوەڵناو/ ئاوەڵکردار) کە دەشێت لە فۆرمدا (سادە/ داڕێژراو/ لێکدراو) بێت. بڕوانە: [سەرچاوەی پێشوو، ل (٤٠)].

١- **گرت - يمن - ە - يان**




٢- **دا - يان - گرت - يمن**


٣- **ڕەسم - يان - گرت - يمن**

بکەر بەپێی کەس‌و ژمارەی خۆی جێناوێکی لکاو لە دەستەی یەکەم بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێت‌و هەمیشە بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێت‌و جێگۆڕکێ ناکات، بەمەش ئەرکی ڕێککەوتنی بکەریی (نۆمینەیتڤ) دەبینێت، بەلاَم بە گۆڕینی ڕۆنانی کارەکە لە کاری بنەڕەتییەوە بۆ کاری داڕێژراو یان لێکدراو، کلیتیکی بەرکاری لە دەستەی دووەم شوێنەکەی دەگۆڕێت‌و لە کۆتایی کارە بنەڕەتییەکەوە دەچێتە سەر پێشگری کارە داڕێژراوەکە یان بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەکە، ئەم دیاردەیەش بە (جێگۆڕکێ) ناودەبرێت. کە بریتییە لە بازدانی جێناوی لکاو بە سەر پلیکانەی پێشکارەکانی کرداردا، کاتێك کەوا جێناو بێ چالاکی جێگۆڕکێ بوو دەلکێت بە ڕەگی کردارەوەو کاتێك کەوا چالاك بوو، یەکەم پێشکار دەکات بە جێباز، ڕووکاری ئەم دیاردەیە لە چەپەوە بۆ ڕاستە یان لە کۆتایی ڕستەوە بەرەو سەرەتای ڕستە[١]. لە جێگۆڕکێدا ڕووخساری جێناوی لکاو ناگۆڕێت، بۆیە جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم لە چوارچێوەی فرێزی کاریدا جووڵەیەکی چالاکیان هەیەو لە خانەی بنەڕەتی خۆیانەوە بەرەو لای ڕاستی ڕەگی کاری ڕستەکە دەجووڵێن، بەپێی ئەو گۆڕانانەی بە سەر ڕستەکەدا دێت. دەرکەوتنی جێناوە لکاوەکان وەکو (بکەر)و (بەرکار) لەگەڵ کاری بنەڕەتی‌و داڕێژراوو لێکدراوی تێپەڕدا لەم وێنەیەدا ڕوونکراوەتەوە[٢]:


---

(١) شێرکۆ بابان، ڕستەسازی‌و شیتەڵکاری زانستی، ل (٣٨-٣٩).

(٢) جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم و دووەم لە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستدا بەپێی گۆڕینی کاتی کارەکە واتە (ڕابردوو و ڕانەبردوو) ئەرکی بکەری و بەرکاری ئاڵوگۆڕدەکەن‌و لە هەمان کاتیشدا شوێنی خۆیان دەگۆڕن واتە ئەرکگۆڕکێ و جێگۆڕکێ دەکەن، بەم شێوەیە:




بڕوانە: [وریا عومەر ئەمین، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو، ل (١٥)].




دەشێ بەرکاری ڕاستەوخۆو بەرکاری ناڕاستەوخۆو دەرخەر بە جێناوی کەسیی لکاو جێگیربکرێن، بەم شێوەیە:

(١) ئەگەر ڕۆنانی کاری ڕستەکە بنەڕەتی بێو بەرکاری ڕاستەوخۆ بە جێناوی کەسیی لکاو جێگیربکرێت، ئەوا جێناوەکە لە دەستەی (B) دەبێت‌و دەچێتە کۆتایی کارەکەوە.

(بڕوانە یاسای ژمارە -٣٠-)


| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگی کار | + | کلیتیکی بکەری لە دەستەی (A) | + | ە | + | کلیتیکی بەرکاری لە دەستەی (B) |

یاسای ژمارە - ٣٠-

بۆ نموونە:

کاری ڕابردووی بنەڕەتی:

تو ئەو خستید . (تۆ ئەوت خست.)



خستیدەی ← (خست) ڕەگی ڕابردوو.
(خستت) ← (ید) کلیتیکی بکەری.
← ە[1]
← (ی) کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ.

کاری ڕانەبردووی بنەڕەتی:

ئەوان ئیمە بەن . (ئەوان ئێمە دەبەن.)

B

مان

بەنەمان (دەمانبەن)

بەنەمان ← (بە) ڕەگی ڕانەبردوو.
(دەمانبەن) ← (ن) کلیتیکی بکەری.
← ە
← (مان) کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ.

---

(١) بۆ ئاسانی گۆکردنە.

(٢) ئەگەر ڕۆنانی کاری ڕستەکە داڕێژراو یان لێکدراو بێو بەرکاری ڕاستەوخۆ بە جێناوی لکاو جێگیربکرێت، ئەوا جێناوەکە دەچێتە دوای پێشگری کارە داڕێژراوەکە یان بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەکە. (بڕوانە یاسای ژمارە -٣١-)


**پێشگری یا بەشی یەکەمی کار + کلیتیکی بەرکاری + ڕەگی کار + کلیتیکی بکەری**
**لە دەستەی (B)　　　　لە دەستەی (A)**

**یاسای ژمارە - ٣١-**

**بۆ نموونە:**

**کاری ڕانەبردووی داڕێژراو:**

**من　پارەگە　هەڵـگرم.**　　**(من پارەکە هەڵدەگرم.)**




**هەڵی گرم**　　**(هەڵی دەگرم)**

**هەڵی گرم**
**(هەڵی دەگرم)**

- **(هەڵ) پێشگر.**
- **(ی) کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ.**
- **(گر) ڕەگی ڕانەبردوو.**
- **(م) کلیتیکی بکەری .**

**کاری ڕابردووی داڕێژراو:**

**ئیمه ئیوه وەر دایـمن. (ئێمە ئێوەمان بەردا.)**

B

**تان**

**وەرتاندایمن (بەرماندان)**

**وەرتاندایمن (بەرماندان)**

**(وەر) پێشگر.**

**(تان) کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ.**

**(دا) ڕەگی ڕابردوو.**

**(یمن) کلیتیکی بکەری .**

**کاری ڕابردووی لێکدراو:**

**ئیمه تو کلــکردیمن. (ئێمە تۆمان نارد.)**

B

**ت**

**کلت کردیمن (ناردمانیت)**

**کلت کردیمن (ناردمانیت)**


**(کل) بەشی یەکەمی کار.**

**(ت) کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ.**

**(کرد) ڕەگی ڕابردوو.**

**(یمن) کلیتیکی بکەری.**

**کاری ڕانەبردووی لێکدراو:**




**(٣) ئەگەر ڕۆنانی کاری ڕستەکە بنەڕەتی یان داڕێژراو یان لێکدراو بێ‌و بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە جێناوی لکاو جێگیربکرێت، ئەوا جێناوەکە لە دەستەی (B) دەبێت‌و بە پێشبەندەکەوە دەلکێت، بەڵام:**

**ا- ئەگەر کاری (دان، ڕەسین، وەتن .....) بێت، ئەو جێناوە جودایەی کە لە دوای پێشبەندی (وە) دەردەکەوێ، ئەگەر بە جێناوێکی لکاو جێگیربکرێت، ئەوا پێشبەندی (وە) دەبێتە جێگرەپاشبەندی (پی)[1]و دەکەوێتە کۆتایی کارەکەوە. (بڕوانە یاسای ژمارە -٣٢-)**

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **ڕەگی کار** | **+** | **کلیتیکی بکەری** | **+** | **ە** | **+** | **جێگرەپاشبەند** | **+** | **کلیتیکی بەرکاری** |
| | | **لە دەستەی (A)** | | | | **(پی)** | | **لە دەستەی (B)** |


**یاسای ژمارە -٣٢-**

---

**(١) جێگرەپاشبەندی (پی) لە شێوەزاری سلێمانیی دیالێکتی ناوەڕاستدا دەبێتە (ێ)، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: [وریا عومەر ئەمین، پاشبەندەکان، ل (١٨٥)].**

بۆ نموونە:


ئیمە کتابەگە وە ئەوان دایمن . (ئێمە کتێبەکەمان بە ئەوان دا.)





ئیمە کتابەگە دایمنە پییان (ئێمە کتێبەکەمان دانێ)


دایمنەپییان (دانێ)
- (دا) ڕەگی ڕابردوو.
- (یمن) کلیتیکی بکەری.
- ە
- (پی) جێگرەپاشبەند.
- (یان) کلیتیکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ.


ئیوە وە من ڕەسن . (ئێوە بە من دەگەن.)




ڕەسنەپیم (دەمگەنێ)












ب- ئەگەر کاری (دان....) بیٚت، ئەو جیٚناوە جودایەی کە لـە دوای پیٚشبەندی (لە) دەردەکەویٚ، ئەگەر بە جیٚناویٚکی لکاو جیٚگیربکریٚت، ئەوا پیٚشبەندی (لە) دەبیٚتە جیٚگرەپاشبەندی (لی)و دەکەویٚتە کۆتایی کارەکەوە. (بڕوانە یاسای ژمارە -٣٣-)

| |
|---|
| **ڕەگی کار + کلیتیکی بکەری + ە + جێگرەپاشبەند + کلیتیکی بەرکاری** |
| **لە دەستەی (A) (لی) لە دەستەی (B)** |
| **یاسای ژمارە - ٣٣-** |

**بۆ نموونە:**




**پ- بەڵام لەگەل کارەکانی تردا، ئەو جێناوە جودایەی کە لە دوای پێشبەندی (وە)، (لە) دەردەکەوێ، ئەگەر بە جێناوێکی لکاو جێگیربکرێ، ئەوا پێشبەندی (وە) دەبێتە جێگرەپێشبەندی (وەپی)و (لە) دەبێتە جێگرەپێشبەندی (لەلی)و دەکەوێتە پێش کارەکەوە.**

**(بڕوانە یاسای ژمارە -٣٤-)**

**جێگرەپێشبەند + کلیتیکی بەرکاری + ڕەگی کار + کلیتیکی بکەری**
**(لەلی ، وەپی) لە دەستەی (B) لە دەستەی (A)**

**یاسای ژمارە - ٣٤-**

**بۆ نموونە:**

**منالەگە لە ئیمە ترسد. (منالەکە لە ئێمە دەترسێت.)**

**لەلی B**

**مان**

**لەلیمان ترسد (لێمان دەترسێت)**

**لەلیمان ترسد (لێمان دەترسێت)**
- **(لەلی) جێگرەپێشبەند.**
- **(مان) کلیتیکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ.**
- **(ترس) ڕەگی ڕانەبردوو.**
- **(د) کلیتیکی بکەری.**

**ئەوان کارەگە وە من کردن. (ئەوان کارەکەیان بە من کرد.)**

**وەپی B**

**م**

**کارەگە وەپیم کردن (کارەکەیان پێکردم)**

وەپیم کردن (پێیانکردم)

- (وەپی) جێگرەپێشبەند.
- (م) کلیتیکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ.
- (کرد) ڕەگی ڕانەبردوو.
- (ن) کلیتیکی بکەری.

**(٤) ئەگەر ڕۆنانی کاری ڕستەکە بنەڕەتی یان داڕێژراو یان لێکدراو بێو دەرخەر بە جێناوی لکاو جێگیربکرێت، ئەوا جێناوەکە لە دەستەی (B) دەبێتو بە ناوەکەوە دەلکێت، بۆ نموونە:**

**من کوڕەگە ی ئەوان بردم. (من کوڕەکەی ئەوانم برد.)**

B

**یاسای ژمارە - ٣٥ -**

**یان**

**من کوڕەگەیان بردم (من کوڕەکەم بردن)**

**(٥) ئەگەر ڕۆنانی کاری ڕستەکە بنەڕەتی بێو بەرکاری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بە جێناوی لکاو جێگیربکرێن، ئەوا:**


**ا- ئەگەر کاری (دان ، ڕەسین ، وەتن .....) بێت، یاساکەی بەم شێوەیە دەبێت:**


**(بڕوانە یاسای ژمارە -٣٦-)**


| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **ڕەگی** | **+ کلیتیکی بکەری** | **+ ە** | **+ کلیتیکی بەرکاری** | **+ ە** | **+ جێگرەپاشبەند** | **+ کلیتیکی بەرکاری** | | |
| **کـــار** | | | **ڕاستەوخۆ** | | **(پی ، لی)** | **ناڕاستەوخۆ** | | |


**یاسای ژمارە - ٣٦-**


بۆ نموونە:



ئیوە ئەوان وە ئیمە بیەن . (ئێوە ئەوان بە ئێمە بدەن.)
A
B
B
پی
مان
یان
بیەنەیانە پیمان (بمان دەنێ)


بیەنەیانە پیمان
(بمان دەنێ)
(ب) نیشانەی کاری فەرمان.
(یە) ڕەگی ڕانەبردوو.
(ن) کلیتیکی بکەری.
ە
(یان) کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ.
ە
(پی) جێگرەپاشبەند.
(مان) کلیتیکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ.


من
کوچکیگ
لە
تو
دام
.
(من بەردێکم لە تۆ دا.)
A
B
B
لی
ی
ت
دامەی لیت
(لێم دایت)


دامەی لیت
(لێم دایت)
(دا) ڕەگی ڕابردوو.
(م) کلیتیکی بکەری.
ە
(ی) کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ.
ە دەرناکەوێت.
(لی) جێگرەپاشبەند.
(ت) کلیتیکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ.


تو وە ئەوان ڕەسید .
(تۆ بە ئەوان دەگەیت.)
پی
B
یان
ڕەسیدەپیان (دەیانگەیتێ)
(ڕەس) ڕەگی ڕانەبردوو.
(ید) کلیتیکی بکەری.
ە
(پی) جێگرەپاشبەند.
(یان) کلیتیکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ.
ڕەسیدەپیان
(دەیانگەیتێ)



من وە ئەو وەتم .
(من بە ئەوم وت.)
پی
B
ی
وەتمەپیی (پێم وت)
(وەت) ڕەگی ڕابردوو.
(م) کلیتیکی بکەری.
ە
(پی) جێگرەپاشبەند.
(ی) کلیتیکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ.
وەتمەپیی
(پێم وت)


ب- بەلاّم لەگەل کارەکانی تردا، یاساکەی بەم شێوەیە دەبێت:


(بڕوانە یاسای ژمارە -٣٧-)


| |
|---|
| **جێگرەپێشبەند + کلیتیکی بەرکاری + ڕەگی کار + کلیتیکی بکەری + ە + کلیتیکی بەرکاری** |
| **(وەپی ، لەلی) ناڕاستەوخۆ ڕاستەوخۆ** |
| **یاسای ژمارە - ٣٧-** |

بۆ نموونە:







(٦) ئەگەر ڕۆنانی کاری ڕستەکە داڕێژراو یان لێکدراو بێ‌و بەرکاری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بە جێناوی لکاو جێگیربکرێن، یاساکە بەم شێوەیە دەبێت:


(بڕوانە یاسای ژمارە -٣٨-)


**جێگرەپێشبەند + کلیتیکی بەرکاری + پێشگر یان بەشی + کلیتیکی بەرکاری+ ڕەگی + کلیتیکی**
**(وەپی ، لەلی) ناڕاستەوخۆ یەکەمی کار ڕاستەوخۆ کار بکەری**

**یاسای ژمارە - ٣٨-**

بۆ نموونە:


ئیمە کوچکەگە وە ئەوان هەڵـگریمن.
(ئێمە بەردەکە بە ئەوان هەڵدەگرین.)
A
B
B
وەپی
ی
یان
وەپییان هەڵی گریمن
(پێیان هەڵدەگرین)


وەپییان هەڵی گریمن
(پێیان هەڵدەگرین)
(وەپی) جێگرەپێشبەند.
(یان) کلیتیکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ.
(هەڵ) پێشگر.
(ی) کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ.
(گر) ڕەگی ڕانەبردوو.
(یمن) کلیتیکی بکەری.




(من ئاوی باخەکەم بە ئێوە دا.)

وەپیتان ئاوی دام (پێم ئاودان)

- (وەپی) جێگرەپێشبەند.
- (تان) کلیتیکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ.
- (ئاو) بەشی یەکەمی کار.
- (ی) کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ.
- (دا) ڕەگی ڕابردوو.
- (م) کلیتیکی بکەری.

## پاری دووەم// گۆڕانی جێناوی لکاو لە ڕستەی بکەرنادیاردا :

کاری بکەرنادیار وەکو فرێزێکی کاری لە ڕستەدا دەردەکەوێت. مەبەست لە نادیاری لەکارخستنی کارایە[1].

هەنگاوەکانی گواستنەوەی ڕستەی بکەردیار بۆ بکەرنادیار لە شێوەزاری خانەقیدا ئەمانەن:

١- بکەری ڕستەو جێناوی ڕێککەوتن لادەبرێن.

٢- بەرکار جێی بکەر دەگرێت، بەلاّم چەمکی بەرکاریی خۆی نادۆڕێنێت.

٣- ڕەگی ڕانەبردووی کاری ڕستەکە وەردەگیرێت.

٤- ئامرازی نادیاری (ری) دەخرێتە سەر ڕەگی کارەکە.

٥- نیشانەی کاتی دەچێتەسەر (ا) بۆ ڕابردوو و (ە) بۆ ڕانەبردوو.

٦- جێناوێکی لکاو بەپێی کەس‌و ژمارەی بەرکار کە جێی بکەری گرتوە، دەچێتە سەر کارەکە[2].

بۆ نموونە لە ڕستەی:

ئیمە ئەوان بردیمن .    (ئێمە ئەوانمان برد.)

ئیمە: بکەرە

ئەوان: بەرکاری ڕاستەوخۆیە

یمن: جێناوی ڕێککەوتنە

برد: ڕەگی کاری ڕابردووی (بردن)ە

بەپێی هەنگاوی یەکەم‌و دووەم بکەر (ئیمە)و جێناوی ڕێککەوتن (یمن) لادەبرێن، پاشان بەرکاری ڕاستەوخۆ (ئەوان) جێی بکەر دەگرێت‌و دەبێتە:

ئەوان برد

بەپێی هەنگاوی سێیەم ڕەگی ڕانەبردووی کارەکە وەردەگیرێت:

ئەوان  بە

بەپێی هەنگاوی چوارەم ئامرازی بکەرنادیاری (ری) دەخرێتە سەر ڕەگی کارەکەو دەبێتە:

ئەوان  بری

بەپێی هەنگاوی پێنجەم نیشانەی کاتی دەچێتە سەر، لەبەرئەوەی کاتی کارەکە (برد) لە ڕابردوودایە نیشانەی (ا)ی دەچێتە سەرو دەبێتە:

ئەوان  بریا

---

(١) فەرەیدون عەبدول محەمەد، نادیاری، ل (٤٤).

(٢) بۆ ئەم خالاّنە سوودم لەم سەرچاوەیە وەرگرتوە:

[ وریا عومەر ئەمین، لە پەیوەندییەکانی بکەری نادیار، ل (١٨)] .

بەپێی هەنگاوی شەشەم کارەکە جێناوێکی لکاو بەپێی کەس‌و ژمارەی بەرکار کە جێی بکەری گرتوە، وەردەگرێت‌و دەبێتە:

ئەوان بریان

بەڵام کە بەرکاری ڕاستەوخۆ بە جێناوێکی لکاو دەربڕابێت لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا، وەك:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- دیمەیان | : | دی | م | ە | یان |
| | | ڕەگی کار | کلیتیکی بکەری | | کلیتیکی بەرکاری |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢- هەڵیان گرتم | : | هەڵ | یان | گرت | م |
| | | پێشگر | کلیتیکی بەرکاری | ڕەگی کار | کلیتیکی بکەری |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣- کلیان کردم | : | کل | یان | کرد | م |
| | | بەشی یەکەمی کار | کلیتیکی بەرکاری | ڕەگی کار | کلیتیکی بکەری |

بە گواستنەوەی ئەم ڕستانە بۆ بکەرنادیار، ئەوا:

١- جێناوی ڕێککەوتنی بکەری (م) لادەبرێت.


٢- (ری)ی ئامرازی نادیاری‌و (ا)ی نیشانەی کاتی ڕابردوو دەچنە سەر ڕەگی کارەکە.


٣- ئەو جێناوە لکاوەی کە تیایدا ئەرکی بەرکار دەبینێت، جێی بکەر دەگرێت، بەمەش کلیتیکی بەرکاری لە دەستەی (م ، ت/د ، ی ، مان ، تان/دان ، یان) دەگۆڕێ بە جێناوی بەرامبەری سەر بەدەستەکەی تر (م ، ی/یت/ید ، (Ø،د) ، یمن ، ن ، ن) ئەم دیاردەیەش بە (ئەرکگۆڕکێ) ناودەبرێت. کە بریتییە لە پاشەکشێی جێناوە لکاوی بەرکار لە ڕاستەوە بۆ چەپ ، یان لە سەرەتای ڕستەوە بەرەو کۆتایی ڕستە، لەم دیاردەیەدا جێناوەکە کەوا بەرکارە ڕووخساری دەگۆڕێت بۆ بکەری ڕابردوو لە کرداری تێنەپەڕدا، لەم میکانیزمەدا ئەرکی بەرکار دەگۆڕێت بۆ بکەر[١]. پاشان شوێنی خۆی دەگۆڕێت‌و دەچێتە سەر ڕەگی کارەکەو ڕێککەوتن لە نێوانیاندا ڕوودەدات.


لەو ڕستانەی سەرەوەدا کلیتیکی بەرکاری (یان) دەگۆڕێت بە جێناوی بەرامبەری سەر بە دەستەکەی تر کە (ن)ە و دەچێتە سەر ڕەگی کارەکە:

---


(١) شێرکۆ بابان، ڕستەسازی‌و شیتەڵکاری زانستی، ل (٣٩).


یان
ە
م
دی
٣
Ø
١
٢
ن
Ø
دوین + ری + ا
دوینریان
(بینران)


م
گرت
یان
هەڵ
١
٢
٣
Ø
گیر + ری + ا
ن
هەڵ
هەڵگیریان
(هەڵگیران)


م
کرد
یان
کل
١
٢
٣
Ø
کە + ری + ا
ن
کل
کلکریان
(نێردران)

ئەم ڕێژەیە بۆ هەردوو کاتەکە (ڕابردوو و ڕانەبردوو) بە ئیخباریو ئینشائییەوە لەگەڵ ئەو مۆرفیمانەی کە بۆ داڕشتنی هەر کارێك کە پێویست بێت، وەکو مۆرفیمی (بەردەوامی ، نزیك ، دوور ، نەرێ ، ئینشائی) دەچنە سەر ڕەگی کار لەگەڵ مۆرفیمی نادیاریو نیشانەی کاتو جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم کاری بکەرنادیار دروستدەکەن، بەم شێوەیە: (بڕوانە یاسای ژمارە -٣٩-)




یاسای ژمارە -٣٩-

# بەشی چوارەم

## ڕێککەوتن لە شێوەزاری خانەقیندا

## سەرەتا :

ڕێککەوتن ئەو دیاردە ڕێزمانییەیە کە لە سنووری ڕستەدا دەرکەوتنی کەرەسەیەك بە کەرەسەیەکی ترەوە بەنددەکات، کە پەیوەندییەکی ڕێزمانی لە نێوانیاندا هەبێت(١). واتە ڕێگایەکە کە فۆرمی کەرەسەیەك لەگەڵ فۆرمی کەرەسەیەکی تردا دەگونجێنێت(٢). لەم پەیوەندییە سینتاکسییەدا دوو جۆر کەرەسە دەستنیشاندەکرێت: کەرەسەی سەرە یاخود بەدەسەڵاتو کەرەسەی لاوەکی یاخود بێدەسەڵات. کەرەسە بەدەسەڵاتەکە بەپێی ئەو چوارچێوەیەی کە تێیدا بەکارهاتوە، بڕیار لە سەر دەرکەوتن، یا دەرنەکەوتنی کەرەسە بێدەسەڵاتەکە دەدات(٣).

دیاردەی ڕێککەوتن بەپێی هەردوو بۆچوونی ڕێزمانی دێرینو ڕۆنانکاری لێکنادرێتەوە، چونکە ئەم دوو بۆچوونە تەنیا گرنگی بەفۆرمی دەرەوەی ڕستە دەدەن، نەك ئەو پەیوەندییانەی کە وشە پێکهێنەرەکانی ڕستە لە ئاستی ژێرەوەدا بە یەکترەوە گرێدەدات(٤). بۆیە ئێمە لە ڕوانگەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانو گوێزانەوە بەپێی بۆچوونی تیۆری ستاندەردو بنەماکانی بۆچوونی تیۆری حوکمکردنو بەستنەوە (GB)(٥) لە دیاردەی ڕێککەوتنی ڕێزمانی لە شێوەزاری خانەقی دەکۆڵینەوە، بەپێی تیۆرەکانی (بەرهەمهێنانو گوێزانەوە) چەشنەکانی ڕێککەوتن (ڕێککەوتنی ڕێزمانیو ڕێککەوتنی واتایی)مان دەستنیشانکردوە:

١- **ڕێککەوتنی ڕێزمانی . Concord** : بریتییە لەو دیاردە ڕێزمانییەی کە لە سنووری فرێز یان ڕستەدا دەرکەوتنی کەرەسەیەك بە فۆرمێکی دیاریکراو بە دەرکەوتنی کەرەسەیەکی تر بە هەمان فۆرمەوە بەنددەکات، کە پەیوەندییەکی ڕێزمانی پێکەوەیان گرێدەدات(٦). واتە چەند کەرەسەیەکی ڕێزمانیی دیاریکراو لەگەڵ یەکتردا ڕێکدەکەون(٧).

---

(1) Trask 1993: 12.
(2) Crystal 1992: 78.

(٣) ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی، ڕێککەوتن لە شێوەی ژوورووی زمانی کوردیدا، ل (٢٦).

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل (١٠٥).


(٥) تیۆری حوکمکردن (Government theory) بریتییە لەو کەرەسەیەی کە حوکم بە سەر کەرەسەیەکی تردا دەکات، بەڵام تیۆری بەستنەوە (Binding theory) لە چۆنێتی گەڕانەوەی کەرەسەکان بۆ یەکتری دەکۆڵێتەوە. بڕوانە:

[Aitchison 1992: 192].

(6) Trask 1993: 12.
(7) Leech and Svartvik 1994: 260.

**٢- ڕێککەوتنی واتایی ـ Selectional restriction** : بریتییە لە یەکگرتن‌و ڕێککەوتنی سیما واتاییەکانی کەرەسە پێکهێنەرەکانی ڕستە لە ڕێگەی پەیوەندییە واتاییەکانەوە. کە بە هۆیانەوە کەرەسەی بەدەسەڵات هەندێ کۆتی واتایی تایبەت بە سەر کەرەسە بێدەسەڵاتەکان دەسەپێنێت[١] . لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی ڕێککەوتن لە نێوان کەرەستەکانی زمان چ لە فەرهەنگ یان لە ڕستەدا .. دەکەوێتە سەر چۆنیەتی پێکەوە گونجانی کەرەستەکان لە نێوان خۆیانداو پابەندبوونیان بە جۆری هەڵبژاردنی خەسڵەتە ڕێزمانییو واتاییەکان، لە ڕێگای کۆتەکانەوە لەپێناو پێکهاتەیەکی واتایی پەسەندا[٢]. وەك لەم ڕستەکانی خوارەوەدا ڕستەی یەکەم خاوەنی ڕێککەوتنی ڕێزمانیو واتاییە، واتە پەسەندە، بەڵام ڕستەی دووەم هەرچەندە ڕێککەوتنی ڕێزمانی تێدایە، لە ڕووی واتاوە ناپەسەندە، ڕستەی سێیەم لە ڕووی ڕێزمانییەوە ناپەسەندە. چونکە هەر ڕێککەوتنێك ڕێی پێدەدرێت یاسایە، یاساکانیش پێڕەوکردنی خەسڵەت‌و سیماکانەو بەزاندنی کۆتەکانیش بەپێی پەیڕەوی لە یاسا دەرچوونی ڕێککەوتنە، بۆیە ڕێپێنەدانی ڕێککەوتن لادانە لە یاساکە[٣]. وەك:

١- ئـــەوان چـیـنـەو ئەرا ئاوایی. (ئەوان ڕۆیشتنەوە بۆ لادێ.)




ڕێککەوتن لە کەس‌و ژمارە

٢- دارەگە چی. * (دارەکە چوو.)




ڕێککەوتن لە کەس‌و ژمارە

---

(١) ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی، ڕێککەوتن لە شێوەی ژووروی زمانی کوردیدا، ل (١).

(٢) هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد، ڕێککەوتنی واتایی ناوو ئاوەڵناو لە زمانی کوردییدا، ل (١٦٨).

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل (٥).

دارەگە ـــــــــــــــــــــ چی Ø

[- گیاندار] [+گیاندار]

ڕێککەوتنی واتایی نییە

٣- مـن وە پا هاتیمن. (من بە پێ هاتین.)

من ـــــــــــــــــــــ هاتیمن

[+١ت] [+١ك]

ڕێککەوتن لە ژمارەدا نییە

ڕێککەوتن دەبێتە هۆی زیـاتر ڕوونکردنەوەی سیماکانی کەرەسە ڕێککەوتووەکانو ئەو ئەرکەی کە لە ڕستەدا دەیگێڕن. چونکە لە هەندێ زماندا ئەم کەرەسانە بۆ ئاماژەکردنە بەو پەیوەندییە ڕێزمانییەی کە لە نێوانیاندا هەیە، هەندێ لە سیماکانیان بە ڕێگەی یاسای گوێزانەوە بە دوای کارەکەوە دەلکێن، کە ئەمە بە ڕێککەوتن دەناسرێت، واتە سیمایەك یا چەند سیمایەکی فرێزەکە بە ڕێگەی گوێزانەوە لە شێوەی فۆرمێکی بەندیدا بە دوای کارەکەوە دەلکێت[١]. بەمەش واتای ڕستە لای گوێگر زیاتر ڕووندەبێتەوە. چونکە پێکهاتەکانی کەرەستەی سەرەکی ڕستە (بکەر - بەرکار - کردار) هەرچەندە لـە ڕووی ڕێزماندروستی ڕستەوە تەواوبن، بەڵام تا لە ڕێی یاسای گشتی ڕێککەوتنی کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە لێکنەدرێنو خەسڵەتی واتاییان دەستنیشان نەکرێت، واتای ڕاستی ڕستەکە دەرناکەوێت[٢]. بۆ نموونە:

(١) ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی، ڕێککەوتن لە شێوەی ژوورووی زمانی کوردیدا، ل (٢٢).

(٢) هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد، ڕێککەوتنی واتایی ناوو ئاوەڵناو لە زمانی کوردییدا، ل (١٦٩).

من خانییەگە فروشم. (من خانووەکە دەفرۆشم.)

| من | خانییەگە | فروش | م |
|---|---|---|---|
| + ج.ج | + ن.گ | + ڕ. ڕا | + ج.ل.ڕ |
| + ات | - گیاندار | + تێ | + ات |
| | + بێلایەن | | |
| | + تاك | | |

ڕێککەوتن لە کەس‌و ژمارە

لێرەدا بکەر کەرەسەی بەدەسەڵاتەو کاری کردۆتە سەر کاری ڕستەکە، بۆ ئەوەی فۆرمی جێناوی لکاو بە خۆیەوە بگرێت‌و بە دوای کارەکەوە بنووسێت، بەمەش بکەرو کار لە ڕووی کەس‌و ژمارەوە ڕێککەوتون.

## جێناوە کەسییەکان‌و پەیوەندیی ڕێککەوتن:

### ١- جێناوە کەسییە جوداکان:

سادەترین فرێزی ناوی لە ناوێك یان جێناوێك پێکدێت[١]. واتە جێناو دەتوانێ شوێنی فرێزێکی ناوی بگرێتەوە. چونکە ئەو تایبەتە سینتاکسییەی کە جێناو لە بەشەکانی دیکەی ئاخاوتن وەك ناو، ئاوەڵناو .... جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە هەردوو شێوەکەی جێناو (سەربەخۆو لکاو) یەك ئەرکیان هەیەو هەبوونی جێناوێکی لکاو جگە لەوەی کە پێویستییەکی داڕشتنی ڕستەیە لە زمانی کوردیدا، ڕستەکە لە وەرگرتنی جێناوی جودا لە ڕووی ڕێزمانییەوە بێ نیاز دەکات[٢]. چونکە جێناوی لکاو بۆ دەربڕینی ئەرکی کەسی‌و پێوەندیی وەسفی لە ڕستەدا بەکاردێت[٣]. بۆیە لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا دەشێ فرێزی ناوی دەرنەکەوێت، چونکە فرێزی کاری لە زمانی کوردیدا هەمیشە ئاماژەکەرە بە بکەرە ڕێزمانییەکەی خۆی[٤]. بەم پێیە فرێزی بکەر دەتوانرێت بە سەرپشکی لە فۆرمی فەرهەنگی بەرجەستەدا دەرنەبڕێت‌و (pro)ی کاتیگۆریی بەتاڵ لەجێی دابنرێت، ئەمەش بە هۆی فیچەری کەسەوە، کە لە مۆرفیمی کات‌و کەس (INFL) دایە[٥]. بەڵام ئەم دیاردە ڕستەسازییە کاتێك لە ڕستەدا بەدی دەکرێت، کە بکەر لەلای

---

(١) وریا عومەر ئەمین، بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی، ل (١٨٥).

(٢) ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی، ڕێککەوتن لە شێوەی ژوورووی زمانی کوردیدا، ل (٥٧).

(٣) کوردستان موکریانی، جۆرەکانی جێناوو دەوریان لە ڕستەی کوردیدا، ل (٢٤٠).


(٤) دیار علی کەمال، ڕێزمانی کوردی ـ ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان‌و گوێزانەوە، ل (٤٠).

(٥) تارا موحسن قادر، جێناو: لێکدانەوەی نوێ لە زمانی کوردیدا، ل (٧٣).

قسەکەر یا گوێگر یا قسەکەرو گوێگر ناسراو بێتو پێویست بە ناوهێنانو ناوبردن نەکات[1]. ئەمەش بە مەبەستی ئابووریکردن لە زماندا بەکاردێت، بۆ نموونە:


**من هاتم**

ڕ - ژێرەوە:





**یاسای گوێزانەوە[2]: ١- جێگیری**

ڕ - سەرەوە:




**یاسای گوێزانەوە: ٢- لادان**

ڕ - سەرەوە:




---

(١) ئەحمەد حەسەن فەتحوڵڵا، بکەر وەك بەشێکی سەرەکیی ڕستە لە زمانی کوردی دا، ل (٤١).

(٢) یاساکانی گوێزانەوە ئەمانەن: ١- لادان ، ٢- جێگۆڕکێ ، ٣- جێگری ، ٤- کۆپی کردن. بڕوانە:

[محمد علی الخولي، النظرة التحويليةو اللغة العربية].


بەلأم هاتنی جێناوە جوداکە بۆ دەربڕینی واتایەکی زیادەیە، ئەویش زیاتر جەختکردنە لە سەر ئەرکی جێناوە لکاوەکە[١]. بۆ نموونە:

ڕەسین         (لەم ڕستەیەدا مەبەست ڕاگەیاندنی ڕوودانی کاری ڕەسینە)

ئەوان ڕەسین  (لەم ڕستەیەدا جگەلە ڕاگەیاندنی واتای ڕوودانی کاری (ڕەسین) لە سەر واتای بکەرەکە (ئەوان) جەختکراوە).

بەلأم دەرنەکەوتنی بکەر وەك بەشێکی سەربەخۆ یا ئازاد لە ڕستەدا دیاردەیەکی گشتی نییەو لە هەموو زمانەکاندا ڕوونادات، بەڵکو دیاردەیەکی تایبەتییەو تەنها لەو زمانانەدا ڕوودەدات، کە بکەرو کار لە چوارچێوەی ڕستەیاندا بە مۆرفیمی کەس‌و ژمارە ڕێکدەکەون[٢]. بۆیە فرێزی کاری وەك ڕۆنانێکی چەسپاو (اجباری) لەناو چوارچێوەی ڕستەدا تەماشادەکرێت[٣]. چونکە لە زمانی کوردیدا کار هەڵگری واتای کەس‌و ژمارەی بکەرە، کە جێناوی لکاوی بکەری پێوەدەلکێت، بۆ نموونە لەم ڕستەیەی خوارەوەدا کاری (چیمن) واتای بکەرەکەی (ئیمە) لە شێوەی جێناوی لکاوی (یمن) وەرگرتوە:

ئیمە سوو چیمن.          (ئێمە بەیانی دەڕۆین.)




## ڕیزکردنی جێناوە جوداکان بە پێی پلەی ئاشنایەتی:

دوو جۆر ڕێککەوتنمان هەیە[٤]:

١- ڕێککەوتن لە ژمارە (تاك‌و کۆ).

٢- ڕێککەوتن لە کەس (کەسی یەکەم‌و دووەم‌و سێیەم).

---

(١) خليل احمد عمايرة، في التحليل اللغوي .. ، ص (٢٤٠).


(٢) ئەحمەد حەسەن فەتحوڵلاّ، بکەر وەك بەشێکی سەرەکیی ڕستە لە زمانی کوردی دا، ل (٤٢).

(٣) طالب حسێن عەلی، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان رستەو واتا لەزمانی کوردیدا، ل (٢١).


(4) Leech and Svartvik 1994: 260.

بکەر (جێناوی کەسیی جودا)و کار لە شێوەزاری خانەقیدا لە ڕووی کەس‌و ژمارەوە ڕێکدەکەون، واتە بکەر لە چ کەس‌و ژمارەیەکدا بێت، کاریش جێناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس‌و ژمارە وەردەگرێت، بۆ نموونە ئەگەر بکەر کەسی یەکەمی تاك بێت، کاریش جێناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس‌و ژمارە وەردەگرێت، ئەگەر بکەر کەسی دوومی تاك بێت، کاریش جێناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس‌و ژمارە وەردەگرێت‌و هەروەها لەگەڵ کەسەکانی تریشدا، وەك:

١- من نامەگە ڕەسانم. (من نامەکەم گەیاند.)




٢- ئەوان دارەگان بڕن. (ئەوان دارەکان دەبڕن.)





ئەگەر بکەر لە دوو فرێزی ناوی یان زیاتر پێکهاتبێت‌و بە ئامرازی (و) لێکدرابن، کارەکە بە شێوەی کۆ دەردەکەوێت[1]. بە واتایەکی تر ئەگەر فرێزە بکەرییەکە لە زیاتر لە سەرەیەك (جێناوێك) پێکهاتبێت، لەم بارەدا جێناوە لکاوەکەی کار بریتی دەبێ لە جێناوی لکاوی ئاشناترین سەرە لەباری کۆدا، واتە پەیوەندیی ڕێککەوتن لە نێوان فرێزی بکەری ڕستەو کاردا بەندە بە پلەی ئاشنایەتی سەرەکانی فرێزەکە، ئاشناترین سەرە سیمای کەسی خۆی لەباری کۆدا بە سەر کارەکەدا


(1) Leech and Svartvik 1994: 262.

دەسەپێنێت، واتە ئاشناترین سەرە دەبێتە وشەی بەدەسەڵاتو سیمای کەسی خۆی بە سەر کارەکەدا دەسەپێنێتو پاشان بۆ دیارکردنی هاوبەشی سەرەکانی دیکە ئەم سیما کەسییە دەیخاتە باری کۆ[1]. بۆ نموونە:

١- من‌و تو وەیەکەو هاتیمن. (من‌و تۆ پێکەوە هاتین.)




٢- توو ئەو بان ئەرا ماڵمان. (تۆو ئەو وەرن بۆ ماڵمان.)





جێناوە کەسییەکانیش بەپێی پلەی ئاشنایەتی جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە. وەك جێناوی کەسی یەکەم لە جێناوی کەسی دووەم ئاشناترەو جێناوی کەسی دووەم لە جێناوی کەسی سێیەم ئاشناترە[2]. بۆیە لە ڕیزکردنی جێناوە جوداکاندا دەبێ ئاشناترین جێناوی کەسیی جودا پێش بکەوێت، بۆ نموونە:

(١) ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی، ڕێککەوتن لە شێوەی ژووورووی زمانی کوردیدا، ل (٦٢).

(٢) عباس حسن، النحو الوافي، ص (٢٦٨).

١- من‌و توو ئه‌و چیمن ئه‌را خانه‌قی. (من‌و تۆو ئه‌و ده‌چین بۆ خانه‌قی.)




٢- توو من‌و ئه‌و چن ئه‌را خانه‌قی.* (تۆو من‌و ئه‌و ده‌چن بۆ خانه‌قی.)

هه‌روه‌ها ده‌توانین ڕیزکردنی جێناوه جوداکان به‌پێی پله‌ی ئاشنایه‌تییان به جێناوێکی جودا له‌باری کۆدا به‌پێی نزیکایه‌تی له که‌سی یه‌که‌مه‌وه له‌جیاتی فرێزی بکه‌ری به‌کاربێت. چونکه له‌یه‌کدانی (ناو و ناو) یان (جێناو و ناو) یان (جێناو و جێناو) ئه‌نجامی لابردنی به‌شه هاوئه‌رکه له‌یه‌کچووه‌کانه Equi له چه‌ند ڕسته‌یه‌کی له‌یه‌کدراو به یاساییێکی ئابووری[(١)]. بۆ نموونه:


١- من‌و توو ئه‌و هاتیمن.

له بناغه‌دا ئه‌م سێ ڕسته‌یه‌یه:

من هاتم‌و تو هاتیدو ئه‌و هات.

ئه‌م سێ ڕسته‌یه به ئامرازی (و) لێکدراون‌و کاری (هاتن) له هه‌رسێکیاندا دووباره‌بۆته‌وه، بۆ خۆلادان له‌م دووباره‌بوونه‌وه‌یه ته‌نیا یه‌کێکیان به‌جێ ده‌هێڵرێ‌و ئه‌وانی تر لاده‌برێن، به‌مه‌ش سێ بکه‌ره‌که به (و) لێکده‌درێن‌و ده‌بن به (من‌و توو ئه‌و)، ئه‌مانه هه‌موویان به یه‌که‌وه شوێنی (ئێمه) ده‌گرن‌و جێناوێکی لکاو به‌پێی که‌س‌و ژماره‌ی بکه‌ره تازه‌که به مه‌به‌ستی ڕێککه‌وتن له نێوانیاندا، به کۆتایی کاره‌که ده‌به‌خشن، به‌م شێوه‌یه:

١- ئیمه هاتیمن. (ئێمه هاتین.)




(١) وریا عومه‌ر ئه‌مین، لێکدانی وشه‌کان، ل (١٣٤).


٢- توو ئەو خەفتن.

لە بناغەدا ئەم دوو ڕستەیەیە:

تو خەفتیدو ئەو خەفت.

ئەم دوو ڕستەیە بە ئامرازی (و) لێکدراون‌و کاری (خەفتن) لە هەردووکیاندا دووبارەبۆتەوە، بۆ خۆلادان لەم دووبارەبوونەوەیە تەنیا یەکێکیان بەجێ دەهێڵرێ‌و ئەوی تریان لادەبرێت، بەمەش دوو بکەرەکە بە (و) لێکدەدرێن‌و دەبن بە (تو و ئەو)، ئەمانە هەموویان بە یەکەوە شوێنی (ئێوە) دەگرن‌و جێناوێکی لکاو بەپێی کەس‌و ژمارەی بکەرە تازەکە بە مەبەستی ڕێککەوتن لە نێوانیاندا، بە کۆتایی کارەکە دەبەخشن، بەم شێوەیە:

١- ئیوه خەفتن. (ئێوە خەوتن.)





٣- ئەو (ئازاد)و ئەو (ئاراس) چین.

لە بناغەدا ئەم دوو ڕستەیەیە :

ئەو (ئازاد) چی‌و ئەو (ئاراس) چی.

ئەم دوو ڕستەیە بە ئامرازی (و) لێکدراون‌و کاری (چین) لە هەردووکیاندا دووبارەبۆتەوە، بۆ خۆلادان لەم دووبارەبوونەوەیە تەنیا یەکێکیان بەجێ دەهێڵرێ‌و ئەوی تریان لادەبرێت، بەمەش دوو بکەرەکە بە (و) لێکدەدرێن‌و دەبن بە (ئەو و ئەو)، ئەمانە هەموویان بە یەکەوە شوێنی (ئەوان) دەگرن‌و جێناوێکی لکاو بەپێی کەس‌و ژمارەی بکەرە تازەکە بە مەبەستی ڕێککەوتن لە نێوانیاندا، بە کۆتایی کارەکە دەبەخشن، بەم شێوەیە:

٣- ئەوان چین. (ئەوان چوون.)




لێرەدا دەتوانین بڵێین دوو جۆرە ڕێککەوتن هەیە، ڕێککەوتنی یەکەم لە فرێزە ناوییەکەدایە، جێناوی کەسی یەکەم لە هەموویان بەدەسەڵاترەو کاردەکاتە سەر سەرەکانی تری فرێزەکەو تەنیا واتای کۆیان لێوەردەگرێت‌و دەیخاتە ناو قاڵبی خۆی، ڕێککەوتنی دووەم بریتییە لە ڕێککەوتنی بکەرو کار، بکەر کە دەسەڵاتی بە سەر کاردا دەڕوات، کەس‌و ژمارەی لە شێوەی فۆرمی لکاوی خۆی بە سەر کارەکەدا دەسەپێنێت‌و بەم پێیە پەیوەندیی ڕێککەوتن لە نێوانیاندا دروستدەبێت[١].

**٢- جێناوە کەسییە لکاوەکان:**

جێناوە کەسییە لکاوەکان لە شێوەزاری خانەقیدا بەپێی ئەو کەرەسانەی لە ڕستەدا پێیانەوە دەلکێن، بۆ دوو جۆر دابەشدەکرێن:

ا- ئەو جێناوە لکاوانەی بە کارەوە دەلکێن.

ب- ئەو جێناوە لکاوانەی بە کەرەسەکانی تری ڕستەوە دەلکێن. (جگەلە دروستەی مۆرفۆسینتاکس نەبێ، کە کلیتیکی بکەری‌و بەرکاری ڕاستەوخۆ تێدا جێگیردەکرێن).

**ا- ئەو جێناوە لکاوانەی بە کارەوە دەلکێن:**


لە شێوەزاری خانەقیدا ئەم دەستە جێناوە (م ، ی/یت/ید ، (Ø ، د) ، یـ(مـ)ن ، ن ، ن) لە ڕستەدا هەر ئەرکێکیان هەبێت، لە ڕووی کەس‌و لە ڕووی ژمارەوە لەگەڵ کارەکەدا (کاری تەواو و ناتەواو) ڕێکدەکەون، واتە سیمای کەس‌و ژمارەیان لە شێوەی فۆرمێکی لکاو بە سەر کارەکەدا دەسەپێنن. چونکە کار نیشانەی ڕێککەوتنی هەیە، کە بە تایبەتمەندییەکانی وشەیەکی تر لە هەمان پێکهاتەدا دیاریدەکرێت، ئەم نیشانانە ئاماژە بۆ هەندێ تایبەتمەندێتی دەکەن، وەك کەس‌و ڕەگەزو ژمارە[٢]. بۆیە بە دەستەی ڕێککەوتن ناونراون، ئەم جێناوە لکاوانە هەموویان دەوری

---

(١) ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی، ڕێککەوتن لە شێوەی ژوورووی زمانی کوردیدا، ل (٦٣).

(1) Katamba 1993: 225.

ڕێککەوتن لە نێوان بکەرو کاردا دەبینن ، واتە کاری ڕستە هەر جۆرێك بێت، بکەری ڕستە بەپێی کەس‌و ژمارەی خۆی جێناوێکی لکاو لەم دەستەیە هەڵدەبژێری‌و دەیدات بە کاری ڕستەکەو هەمیشە بە ڕەگی کارەکەیشەوە دەلکێت. لەم وێنەی خوارەوەدا ڕێکەوتنی نێوان بکەرو کار ڕووندەکەینەوە:




**ب- ئەو جێناوە لکاوانەی بە کەرەسەکانی تری ڕستەوە دەلکێن:**

لە شێوەزاری خانەقیدا ئەم دەستە جێناوە (م ، ت/د ، ی ، مان ، تان/دان ، یان) لە ڕستەدا هەر ئەرکێکیان هەبێت، نە لە ڕووی کەس‌و نە لە ڕووی ژمارەوە لەگەڵ کارەکەدا (جگە لە کاری بوونی هەبوون بۆ ئێستا) ڕێکناکەون، بەڵام لە ئەرکی فراوانکردنی فرێزی ناوی لە دۆخی خستنەسەردا واتای خاوەنێتی دەگەیەنن، بۆیە بە جێناوە لکاوەکانی دەستەی خاوەنێتی ناونراون. چونکە کلیتیکی خاوەنێتی کەرەستەیەکی سینتاکسییە، لە ئەنجامی بەکلیتیککردنی وشەی خاوەنێتی لە دروستەی فرێزێکی خاوەنێتیدا بەبەرهەمدێت. بەپێی تیۆری GB حوکم ناکات، چونکە پێشتر لە فۆرمی تەواودا دۆخی ڕێزمانی خاوەنێتی لە (ی) خاوەنێتییەوە وەری گرتوە، لەبەرئەوەی ئەو وشەیەی کە دەکرێت بە کلیتیك فرێزێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو دەرخەری فرێزەکەیە، هەر بۆیە کلیتیکە خاوەنێتیەکە جگە لەوە دەبێتە نیشانە بۆ کەس‌و ژمارەی جێناو

یان ناوی خاوەنێتی دەرخەری، لە هەمان کاتیشدا گۆکردنی خاوەنێتی دەرخەری هەیە، هەر بۆیە دەتوانین پێی بڵێین کلیتیکی خاوەنێتی دەرخەریی[1]، بۆ نموونە:

دوێتەگەم / دوێتەگە : + ناو ، + گشتی ، + مێ ، + ناسراوە ، + دەرخراوە.

م : جێناوی کەسی لکاوی دەستەی خاوەنێتی بۆ کەسی یەکەمی تاك (دەرخەر).

## ئەرکی جێناوە لکاوەکان لە ڕستەداو پەیوەندیی ڕێککەوتن:

لە شێوەزاری خانەقیدا دوو دەستە جێناوی لکاو هەیە، هەریەکە لەم دوو دەستەیە چەند ئەرکێکی ڕێزمانی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام چۆنیەتی ڕێککەوتن‌و ڕێکنەکەوتنیان لەگەڵ کاری ڕستە بەندە بەو ئەرکەی کە جێناوەکان لە ڕستەدا دەیبینن، لێرەدا ئەرکی هەریەك لەم دەستە جێناوانە لەگەڵ چۆنیەتی پەیوەندیی ڕێککەوتن لە نێوانیاندا دەخەینەڕوو:

### ١- جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم:

ئەم دەستەیە ئەرکی (بکەر یان جێگری بکەر) لە ڕستەدا دەبینن‌و لە ڕووی کەس‌و ژمارەوە لەگەڵ کاردا ڕێکدەکەون. واتە جێناوی ڕێککەوتن کاردەکاتە سەر کاری ڕستەو بە هۆی یاسای گوێزانەوە سیمای کەس‌و ژمارەی خۆی لە شێوەی مۆرفیمێکی ڕێزمانیدا بە کارەکەوە دەلکێنێت[2]. کە لێرەدا ڕوونی دەکەینەوە:

### ا- ئەرکی بکەر:

لە شێوەزاری خانەقیدا بکەرو کار لە کەس‌و ژمارەدا ڕێکدەکەون، واتە بکەر لە چ کەس‌و ژمارەیەکدا بێت، کاریش جێناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس‌و ژمارە وەردەگرێت، ئەگەر چی کارەکە (ڕابردوو یان ڕانەبردوو)، (تێپەڕ یان تێنەپەڕ) بێت، چونکە جێناوەکانی ڕێککەوتن ئەرکی بکەری لەگەڵ کاتەکانی کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕی بکەردیاری ئیخباری‌و ئینشائیی کاری تەواوو هەموو جۆرەکانی ڕابردوو و ڕانەبردووی تێنەپەڕی کاری ناتەواوی (بین‌و داشتن) جگە لە کاری بوونی هەبوون بۆ ئێستا لە ڕستەدا دەبینن. بۆیە ڕێککەوتنی بکەرو کار بە مەرجێکی دروستی ڕێزمانی ڕستەکە دادەنرێت‌و نەبوونی دەبێتە هۆی نادروستی ڕستەکە[3]. وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

(١) تارا موحسن قادر، جێناو: لێکدانەوەی نوێ لە زمانی کوردیدا، ل (٨٢).

(٢) ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی، ڕێککەوتن لە شێوەی ژوورووی زمانی کوردیدا، ل (٦٠).


(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل (٦١).

**١- لە كارە تەواوەكاندا:**

**ا- كاتی ڕابردووی تێپەڕ:**

**١- من ئەو نویسام.** **٢- من ئەو نویسا.***

**من ئەو نویسام**




| | | | |
|---|---|---|---|
| **ڕ - ژێرەوە:** | **من/ م** | **ئەو** | **نویسا** |
| | **١ / ٢** | **٣** | **٤** |


**یاسای گوێزانەوە: جێگیری**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **ڕ - سەرەوە:** | **١ / Ø** | **٣** | **٤ / ٢** |
| | **من** | **ئەو** | **نویسام** |

**ڕێككەوتن لە كەس و ژمارە**

**ب- کاتی ڕابردووی تێنەپەڕ:**


**١- ئەوان خەفتن.** **٢- ئەوان خەفت.***




**ڕ - ژێرەوە:**

**یاسای گوێزانەوە: جێگیری**


**ڕ - سەرەوە:**



پ- کاتی ڕانەبردووی تێپەڕ:

١- تو ئەوان ترسنید.　　　　　٢- تو ئەوان ترسن.*

**تو ئەوان ترسنید**




ڕ - ژێرەوە:　　تو/ ید　　ئەوان　　ترسن

١ / ٢　　٣　　٤

**یاسای گوێزانەوە: جێگیری**

ڕ - سەرەوە:　　١ / Ø　　٣　　٤ / ٢


تو　　ئەوان　　ترسنید

ڕێککەوتن لە کەس و ژمارە

ت- کاتی ڕانەبردووی تێنەپەڕ:

١- ئیمە چیمنەو ئەرا خانەقی. ٢- ئیمە چەو ئەرا خانەقی.*

ئیمە چیمنەو ئەرا خانەقی




یاسای گوێزانەوە: جێگیری

ڕ - سەرەوە: ١ / Ø ٣ / ٢ ٤ ٥

ئیمە چیمنەو ئەرا خانەقی




ڕێککەوتن لە کەس‌و ژمارە

## ٢- له كاره ناتەواوەكاندا:

ا- كارى بوونى بوونايەتى بۆ ڕابردوو:

١- تو ماموسابيد. ٢- تو ماموسابى.*

**تو ماموسابيد**




ڕ - ژێرەوە: تو/ يد ماموسا بى

١ / ٢ ٣ ٤

**ياساى گوێزانەوە: جێگيرى**

ڕ - سەرەوە: ١ / Ø ٣ ٤ / ٢


تو ماموسا بيد

ڕێككەوتن له كەس و ژماره

ب- کاری بوونی هەبوون بۆ داهاتوو:

١- ئەو پارە دیرد.　　　　　　　٢- ئەو پارە دیر.*

ئەو پارە دیرد




ڕ - ژێرەوە:　　ئەو/ د　　پارە　　دیر

١ / ٢　　٣　　٤

یاسای گوێزانەوە: جێگیری

ڕ - سەرەوە:　　١ / Ø　　٣　　٤ / ٢

ئەو　　پارە　　دیرد

ڕێککەوتن لەکەس‌و ژمارە

**ب- <u>ئەرکی جێگری بکەر:</u>**

**جێناوەکانی ڕێککەوتن لەگەڵ هەموو کاتەکانی کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی بکەرنادیاری ئیخباریو ئینشائی ئەرکی جێگری بکەر لە ڕستەدا دەبینن‌و لە ڕووی کەس‌و ژمارەوە لەگەڵ کاردا ڕێکدەکەون. چونکە جێگری بکەر وەکو بکەری ڕەسەن مافی خۆی هەیە بۆ دەرکەوتن بە شێوەیەکی کاتی بە ڕووخساری جودا ، یان بە شێوەیەکی هەمیشەیی بە ڕووخساری لکاو[(١)]. وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:**

**١- کاری ڕابردوو:**

**ئەو ئەوان نویسا Ø (ئەو ئەوانی نووسی.)**

**Ø Ø**

**ئەوان نویس + ری + ا + ن (ئەوان نووسران.)**

**ڕێککەوتن لە کەس‌و ژمارە**

**٢- کاری ڕانەبردوو:**

**ئیوە ئیمە چڕ ن (ئێوە ئێمە بانگدەکەن.)**

**Ø Ø**

**ئیمە چڕ + ری + ە + یمن (ئێمە بانگدەکرێین.)**

**ڕێککەوتن لە کەس‌و ژمارە**

**٢- <u>جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم:</u>**

**ئەم دەستەیە ئەرکی (بەرکاری ڕاستەوخۆ یان بەرکاری ناڕاستەوخۆ یان دەرخەر) لە ڕستەدا دەبینن، بەڵام لە ڕووی کەس‌و ژمارەوە هەرگیز لەگەڵ کاری ڕستەکەدا ڕێکناکەون، کە لێرەدا ڕوونی دەکەینەوە:**


---

**(١) شێرکۆ بابان، ڕستەسازیو شیتەڵکاری زانستی، ل (١٦٤).**

## ا- ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ:

جێناوەکانی خاوەنێتی لەگەڵ هەموو کاتەکانی کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕی بکەردیاری ئیخباریو ئینشائی ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ لـە ڕستەدا دەبینن، وەك:


ئەوان ئیمە بەن.




ڕ - ژێرەوە:

یاسای گوێزانەوە:

ڕ - سەرەوە:



**ب- <u>ئەركی بەركاری ناڕاستەوخۆ</u>:**

**جێناوەكانی خاوەنێتی لەگەڵ هەموو كاتەكانی كاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕی بكەردیارو بكەرنادیاری ئیخباریو ئینشائی ئەركی بەركاری ناڕاستەوخۆ لە ڕستەدا دەبینن، وەك:**

**من هینەگە لەلیی سەندم.**

**لەلی: جێگرە پێشبەندە.**

**ی: جێناوی لكاوی خاوەنێتی بۆ كەسی سێیەمی تاكە.**

**ئازاد كتابەگە دەدە پیتان.**

**پی: جێگرە پاشبەندە.**

**تان: جێناوی لكاوی خاوەنێتی بۆ كەسی دووەمی كۆیە.**

**پ- <u>ئەركی دەرخەر</u>:**

**جێناوەكانی خاوەنێتی لە ڕستەدا بەبێ یاریدەی ئامرازی خستنەسەر دەبنە دەرخەری دەرخراوی كاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕی بكەردیاری ئیخباریو ئینشائی لە دۆخی خستنەسەردا، بەمەش واتای خاوەنێتی ڕادەگەیەنن‌و دەرخراوەكە دەبێتە موڵكیان، وەك:**

**دوێتەگەیان**

**دوێتەگە: ناوی گشتی مێیە، دەرخراوە.**

**یان: جێناوی لكاوی خاوەنێتی بۆ كەسی سێیەمی كۆ، دەرخەرە.**


**برام**

**برا: ناوی گشتی نێرە، دەرخراوە.**

**م: جێناوی لكاوی خاوەنێتی بۆ كەسی یەكەمی تاك، دەرخەرە.**

**بەڵام ئەم دەستە جێناوە تەنیا ئەركی بكەر لەگەڵ كاری بوونی هەبوون بۆ ئێستا لە ڕستەدا دەبینن‌و لە ڕووی كەس‌و ژمارەوە لەگەڵ كارەكەدا ڕێكدەكەون، بۆ نموونە:**

من خانی هەسم.




| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕ - ژێرەوە: | من/ م | خانی | هەس |
| | ١ / ٢ | ٣ | ٤ |

**یاسای گوێزانەوە: جێگیری**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕ - سەرەوە: | ١ / Ø | ٣ | ٤ / ٢ |
| | من | خانی | هەسم |

ڕێککەوتن لە کەس‌و ژمارە

# ئەنجامەکان

# ئـەنجـامـەكـان

گرنگترین ئەنجامەكانی باسەكە لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەكورتی دەخەینە ڕوو:

١- لـە شێوەزاری خانەقیدا یەك دەستە جێناوی كەسیی جوداو دوو دەستە جێناوی كەسیی لكاو هەن، ئەمانەن:

| ژمـاره | كـەس | جـودا | لكـاو | |
|---|---|---|---|---|
| | | | A | B |
| ١ | تـاك | من | م | م |
| ٢ | | تو | ی/ید/یت | ت/د |
| ٣ | | ئەو | Ø ، د | ی |
| ١ | كـۆ | ئیمە | یـ(مـ)ن | مان |
| ٢ | | ئیوە | ن | تـان/دان |
| ٣ | | ئەوان | ن | یان |

٢- جێناوە كەسییە لكاوەكانی دەستەی یەكەم ئەركی بكەرو جێگری بكەر لـە ڕستەدا دەبینن، بەڵام جێناوە كەسییە لكاوەكانی دەستەی دووەم ئەركی بەركاری ڕاستەوخۆو بەركاری ناڕاستەوخۆو دەرخەر لـە ڕستەدا دەبینن، واتە هەر دەستەیەك لـە جێناوە لكاوەكان چەند ئەركێكی تایبەتی خۆی هەیە، كە هەرگیز دەستەكەی تر جێبەجێی ناكات.

٣- جێناوە لكاوەكانی دەستەی یەكەم بەشداری لـە داڕشتنی كاری ڕابردووی ئیخباری بكەردیارو بكەرنادیاری سادەو بەردەوامو نزیكو دوورو كاری ڕابردووی ئینشائی بكەردیارو بكەرنادیاری بەردەوامو دوور لەگەڵ كاری ڕانەبردووی ئیخباریو ئیلزامی بكەردیارو بكەرنادیارو كاری فەرماندا دەكەن واتە (كارە تەواوەكان)و هەمیشە بە ڕەگی كارەكانەوە دەلكێن.

٤- جێناوە لكاوەكانی دەستەی یەكەم بەشداری لـە داڕشتنی هەموو جۆرەكانی كاری ناتەواوی (بینو داشتن)دا دەكەن، جگە لـە كاری بوونی هەبوون بۆ ئێستا، كە تیایدا جێناوە لكاوەكانی دەستەی دووەم دەردەكەونو ئەركی بكەر دەبینن.

٥- كە بكەرو بەركاری ڕاستەوخۆ بە جێناوی لكاو (نووسەك) لـە ڕستەی كار تێپەڕەكاندا جێگیردەكرێن، كلیتیكی بكەری لـە دروستەی مۆرفۆسینتاكسی كاری بنەڕەتیدا هەمیشە بە ڕەگی كارەكەوە لكاوە، پاشان كلیتیكی بەركاری بە دوایدا دێت، بەڵام بە گۆڕینی ڕۆنانی كارەكە لـە كاری بنەڕەتییەوە بۆ كاری داڕێژراو یان لێكدراو، كلیتیكی بەركاری لـە كۆتایی كارە بنەڕەتییەكەوە بۆ

سەر پێشگری کارە داڕێژراوەکە یان بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەکە، واتە لە دواوە بۆ پێشەوە جێگۆڕکێ دەکاتو شوێنی خۆی دەگۆڕێت.

٦- کە بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە جێناوی لکاو جێگیردەکرێت، ئەگەر چی ڕۆنانی کاری ڕستەکە کاری بنەڕەتی یان داڕێژراو یان لێکدراو بێ، هەمیشە جێناوە لکاوەکان بە پێشبەندەکەوە دەلکێن.

٧- کە دەرخەر بە جێناوی لکاو جێگیردەکرێت، ئەگەر چی ڕۆنانی کاری ڕستەکە کاری بنەڕەتی یان داڕێژراو یان لێکدراو بێ، هەمیشە جێناوە لکاوەکان بە ناوەکەوە دەلکێن.

٨- بە گواستنەوەی ڕستەی بکەردیار بۆ ڕستەی بکەرنادیار لە شێوەزاری خانەقیدا، جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم (B) دەگۆڕێن بە جێناوێکی لکاوی بەرامبەری سەر بە دەستەی یەکەم (A)و دەچنە سەر کۆتایی کارەکەو ڕێککەوتن لە نێوانیاندا ڕوودەدات.

٩- لە شێوەزاری خانەقیدا بکەرو کار لە ڕووی کەسو ژمارەوە ڕێکدەکەون.

١٠- سروشتو چۆنێتی ڕێککەوتن لە نێوان بکەرو کاردا دەگەڕێتەوە بۆ سەر جۆری سەرەی فرێزە بکەرییەکە، ئەگەر فرێزە بکەرییەکە زیاتر لە سەرەیەك (جێناوێك) پێکهاتبێت، ئەوا ئاشناترین سەرە سیمای کەسیی خۆی لەباری کۆدا بە سەر کارەکەدا دەسەپێنێت.

# پاشكۆ

شوێنی قسەپێكردنی شێوەزاری خانەقی ئەم شوێنانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- گەڕەكەكانی ناو شاری خانەقی كە بەم شێوەزارە دەدوێن، ئەمانەن [مەزرعە، حی عەسكەری (برایەتی)، تۆڵەفرۆش، میدان، ٧ی نیسان (ئازادی)، محطە (دورسكك)، حی عمال (كرێكاران)، حی معلمین (مامۆستایان)، حی رمضان (رزگاری)، پاشەكۆپری، ئسپارتە، جەلەوا، درووە، شعلە (كەلات)، حی شرطة (خەبات)، حەمیدیە (شەهید ئەحمەد)، ئاغاوخەلیفە، دارەكونارە، ئاوبارە، گەرمك، ئیمام عەباس، عەلی مراد، حی شهداء (بەمۆ) ]، جگە لە گەڕەكی [كارێز بانو خوار، ئەركەوازی، مەڵك شاه ] بە شێوەزاری كەڵهوڕیو فەیلی دەدوێن.

٢- ناوی لادێكانی دەوروبەری خانەقی كە سەر بە قەزای خانەقییەو بە شێوەزاری خانەقی دەدوێن، ئەمانەن [عەبدوڵلاٚ بەگ، عەبدوڵلاٚ گۆران، عالیاوەی كوێخا زۆراب، عالیاوەی سالم، ئەمین باپیر، ئەكبەر حەیدەر، عەلی بەگ، حاجی خەلیل، محەمەد شێربەگ، مەردان، موبارەك خان، سەید ڕەشید، سەید محەمەد، شێرگ، توتك، باوە ئیسماعیل، باوە پلاٚوی قەلاٚ، ئەحمەد هیلال، عەلی مرایی، غەریب پول، حوسێن بەگ، مەحمود عەلی خان، دارا، دارە خورمای محەمەد سالم، دەكەی حاجی ئیبراهیم، دەكەی حاجی قادر، دەروەنجیق، دیرو، گەبیە، گۆمەزەرد، ئیمام محەمەد، ئیمام ڕەزا، كانی زەرد، كەلای میرە، كێی ئەودی، مێخاس، مەلا ڕەحیم، مەلا تەیب، ملەكۆنار، مەنزەریە، مستەفا پاشا، نوری میكایل، پەڵكانە، پەڵەچەفتی كاكەییەكان، پەڵەچەفتی كوێخا شامرای، پیوكە، قامیشەلاٚن، قەلاٚ، قەڵەمەی خواروو، قەڵەمەی سەروو، حاجی سالم، سەی ڕەحیم، شامرای ورگ، یوسف بەگ، حوسێن بەگ، خەیاڵی].

٣- قەزای قەزرەباتو لادێكانی دەوروبەری كە بە شێوەزاری خانەقی دەدوێن، ئەمانەن [ناو قەزای قەزرەبات، تەپە، ئاختەپە، حەدیدی، ئەسپور، بەختریە، عەلی شەرەف، جوامێر نادر، ئەزار، موحەمەد ڕاشید، جداد كازم، دیالە زیفە، حوسێن عەباس، ئەمین شەتب، حەسەن جاسم، شرتان، برایم شەلال، عرفان خەڵەف، عەبارە].

# سەرچاوەكان

# سەرچاوەکان

## ١- بە زمانی کوردی:

### ا- کتێب:


(١) ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٨٧)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی دووەم ـ جێناو، دار الحرية للطباعة، بەغدا.

(٢) شێرکۆ بابان (١٩٩٦)، ڕستەسازیو شیتەڵکاری زانستی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

(٣) شێرکۆ بابان (١٩٩٧)، میکانیزمە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی ڕێزمانی بوونو هەبوون، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

(٤) لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە (٢٠٠٣)، زمانو ئەدەبی کوردی، کتێبی مەنهەجییە بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.

(٥) لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە (٢٠٠٥)، زمانو ئەدەبی کوردی، کتێبی مەنهەجییە بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی، چاپی چوارەم، چاپخانەی الطباع، بەغدا.

(٦) وریا عومەر ئەمین (١٩٨٦)، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو، بەغدا.


### ب- نامەی زانکۆیی (بڵاونەکراوە):


(٧) ئەحمەد حەسەن فەتحوڵلا (١٩٩٠)، بکەر وەك بەشێکی سەرەکیی ڕستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

(٨) تارا عەبدوڵلا سەعید (١٩٩٨)، هەندێك لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

(٩) تارا موحسن قادر (٢٠٠٤)، جێناو: لێکدانەوەی نوێ لە زمانی کوردیدا (بە کەرەستەی دیالێکتی خواروو)، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

(١٠) طالب حسێن علی (١٩٩٨)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستەو واتا لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

(١١) دیار علی کەمال (٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی ـ ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنانو گوێزانەوە، نامەی ماجستێر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

(١٢) فەرەیدوون عەبدول محەمەد (١٩٨٨)، نادیاری، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

(١٣) فەرەیدوون عەبدول محەمەد (١٩٩٨)، چەند لایەنێکی ڕستەسازیی زاری هەورامی، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

(١٤) ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی (٢٠٠١)، ڕێککەوتن لە شێوەی ژوورووی زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
(١٥) محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە ڕووی داڕشتن و ئەرکەوە لە کرمانجیی خوارووەدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
(١٦) هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد (٢٠٠٢)، ڕێککەوتنی واتایی ناوو ئاوەڵناو لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

## پ- گۆڤار:

(١٧) فەرەیدوون عەبدول محەمەد (٢٠٠٠)، کاری ((بیەی = بوون)) لە زاری هەورامیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ـ بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژ(٤).
(١٨) کوردستان موکریانی (١٩٨٠)، جۆرەکانی جێناوو دەوریان لە ڕستەی کوردیدا لە دیالێکتی کرمانجی خوارووو و کرمانجی ژووروودا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، بەرگی حەوتەم، بەغدا.
(١٩) نعمت علی سایە (١٩٨٥)، ناوو ڕاناو لە زاری کەلهوڕیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ(١١٦).
(٢٠) عبدالمحسن بنی ویس (١٩٨٥)، بەراووردکردنێکی سەرپێی نێوان زاری کرمانجیی خوارووو و زاری خانەقی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ(١٠٥).
(٢١) عبدالمحسن بنی ویس (١٩٨٥)، بەراووردکردنێکی نێوان زاری کرمانجی خوارووو و زاری گەرمەسێر، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ(١٠٨).
(٢٢) وریا عومەر ئەمین (١٩٨٦)، پاشبەندەکان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەغدا، ژ(١٥).
(٢٣) وریا عومەر ئەمین (١٩٨٦)، بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١١١).
(٢٤) وریا عومەر ئەمین (١٩٨٨)، لێکدانی وشەکان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ(١١٨).
(٢٥) وریا عومەر ئەمین (١٩٩٢)، لە پەیوەندییەکانی بکەری نادیار، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٢٩).

**٢- بە زمانی عەرەبی:**

( ٢٦ ) خليل احمد عمايرة ( ١٩٨٧ )، في التحليل اللغوي ( منهج وصفي تحليلي وتطبيقه على التوكيد اللغوي والنفي واسلوب الاستفهام )، ط ( ١ )، مكتب المنار، الاردن.

( ٢٧ ) محمد على الخولي ( ١٩٧٧ )، النظرة التحويلية واللغة العربية، مجلة كلية التربية ـ جامعة الرياض، العدد الاول.

( ٢٨ ) عباس حسن ( ١٩٧٥ )، النحو الوافي، الجزء الاول، مطابع دار المعارف، مصر.

**٣- بە زمانی ئینگلیزی:**

**(29) Aitchison, J. (1992), Linguistics, Hodder & Stoughton, London.**

**(30) Crystal, D. (1992), An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, Block Well: Oxford.**

**(31) Finch, G. (2000), Linguistic terms and Concepts, London: Macmillian.**

**(32) Greenbaum, S and Quirk, R. (1991), A Student's Grammar of the English Language, Longman: London.**

**(33) Katamba, F. (1993), Morphology, London: Macmillian.**

**(34) Leech, G and Svartvik, J. (1994),A Communicative Grammar of English, Longman: London and NewYork.**

**(35) Trask, R.L (1993), A Dictionary of Grammatical terms in Linguistics, Routledge: London.**

# مُلَخَّص البحث


إن هذا البحث المكّون من توطئة وأربعة فصول وإستنتاج ، مُكَّرس لتحليل وتفسير الضمائر الشخصية في لهجة خانقين، وهو مُعَنّوَن بـ ((قواعد الضمير في لهجة خانقين)).

**الفصل الأوّل:**

إنَّ المبحث الأول من هذا الفصل عبارة عن تحديد الضمائر الشخصية في لهجة خانقين، وفيه حدَّدنا مجموعة واحدة من الضمائر المنفصلة ومجموعتين من الضمائر المتصلة.

أمّا المبحث الثاني فهو عبارة عن وظيفة الضمائر المنفصلة والمتصلة في الجملة.

**الفصل الثاني:**

المبحث الأوّل فيه عبارة عن ظهور الضمائر المتصلة من المجموعة الأولى في صياغة الافعال التامة وبيان قواعد تركيب تلك الأفعال.

والمبحث الثاني يُعنى بظهور الضمير المتصل من المجموعة الأولى والثانية والذي يشترك في صياغة نوع من الافعال الناقصة مع إبراز قواعد صياغة تلك الأفعال.

**الفصل الثالث:**

في مبحثه الأول ثمة عرض لحركة ضمائر المجموعة الأولى المتصلة، وهي تتحول من مواقعها تمشياً مع تصريف الفعل من بسيط الى مُركَّب، وبعد ذلك عرض لقواعد تثبيت المفعول به المباشر وغير المباشر والخبر بالضمير المتصل.

وفي المبحث الثاني بيّنا تحول الضمير المتصل من المجموعة الثانية في جملة المبني للمعلوم الى جملة المبني للمجهول من المجموعة الأولى، وبعد ذلك تغيَّرُ الضمائر مواقعها وتدخل على الأفعال.

**الفصل الرابع:**

هذا الفصل مُخصَّص للتوافق حول حدود العبارة والجملة في اطار التوليدو التحويل في لهجة خانقين، في البدء ثمة شرح لظاهرة التوافق وانواعه وكيفية توافق الفعل والفاعل من حيث الشخص والعدد وفق الدلالات المعنوية، وبعد ذلك ايضاح للضمائر وعلاقاتها ومدى شيوعها وفق الوظيفة المنوطة بها في الجملة.

أمّا في الخاتمة فقد وضَّحْتُ النتائج التي توصلتُ اليها مع بيان ثبت المصادر والمراجع.

// Abstract

The research consists of an introduction; four chapters and conclusion. It deals with analyses and discussions with indicate the grammatical aspects that belong to Khanaqin dialect among those of Kurdish language. It is entitled (the bases of pronouns in Khanaqin Dialect).

**Chapter one:**

The first section of this chapter clarifies the determination of pronouns in Khanaqin dialect in which we decide one group of irrelative pronouns and two groups of relative pronouns.

While the second clarifies the function of relative and ir-relative pronouns within a sentence.

**Chapter two:**

The first section deals with the appearance of pronouns of first group in front of perfect verbs indicating the rules how those verbs are constructed.

And the second section deals with relative pronouns of first and second groups which are in common with the mode of imperfect verbs as well as showing the rules for their formation.

**Chapter Three:**

The first section of this chapter demonstrates the movement of relative pronouns of first group being changed in their positions as concerned to inflexion of simple verbs to compounded, besides the statement of those rules that provide direct and indirect objects, and those predications by relative pronouns.

In the second section, we point out the change of relative pronoun from second group in the form of active voice to passive voice case which belongs to second group, and those pronouns that change whose positions to have verbs.

**Chapter Four:**

This chapter is deals with sentence and phrase agreements in regard to the production and change in Khanaqin dialect. First there is an explanation about the agreement phenomenon and its kinds beside the manner of verb subject agreements as related to person and number according to the meaning senses. Secondly there are the clarification of pronouns, their relation, and their common scope on the bases of function in sentence.

**Finally:** we concluded the results that we have achieved with the arrangement of the list of the references.